# گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


# ڕەنگە سەرەکییەکان لە پێکهاتەی ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزییدا

## (توێژینەوەیەکی بەراووردکارییە)


**گلاویژ عثمان قادر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

Galawezh.qadr@gmail.com

**پ.د. رفیق محمد شوانی**

بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

Galawezh.qadr@gmail.com



### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/٢٠

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٤/٢٨

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

Idioms, Color Idioms, Cross-Culture, Red–Yellow–Blue, Kurdish–English

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.7


## پوختە


لەم توێژینەوەدا بەراورد لە نێوان پێکهاتەی ئیدیۆمی پەیوەندیدار بەڕەنگ لەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزییدا کراوە، تیشک خراوەتە سەر لایەنە شاراوەکانی ئەو جیاوازی و لێکچوونە واتایی و فەرهەنگییانەی کە لەهەردوو زمانەکە بوونیان هەیە، چونکە ئیدیۆم وەک فۆرمێکی سینتاکسی و یەکەیەکی فەرهەنگی، پێکهاتەی تایبەتی هەر زمانێکە، هەڵگری دەربرینی بنەڕەتین دەقاودەق وەرگێرانی بۆ ناکرێت، ڕەنگدانەوەی کولتووری ناوچەیەکن، فرە واتاو چەقبەستووی چەسپاون لە رووی فۆرمەوە، ڕەنگەکانیش لە پێکهاتەی ئیدیۆم بەشداری بەرچاویان هەیە ،بە تایبەت ڕەنگە سەرەکییەکانی (سور، زەرد، شین)، کە کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە. چونکە ڕەنگیش وەکو شتێکی بینراوی ڕەها و پەتی و یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی سروشت، لەهەر سەردەمێکدا کاریگەری خۆی هەیە بۆ سەر تەواوی ئایدیۆلۆژیای باوی ئەو سەردەمە . هەروەها ڕەنگ زانستێکە پەیوەندی ڕەنگەکان وباری دەروونی مرۆڤەکان روون دەکاتەوە. بۆیە ڕادەی بەشداری ڕەنگەکان لە ئیدیۆمی هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بەهەمان واتا یان جیاواز لەم توێژینەوە کێشانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەیەکی بەیەکداچووی کلتووری کوردی وئینگیزی دەرخەری تاقی کردنەوەی مرۆڤەکانە لە دوو نیشتمانی جیاواز.
ڕەنگەکان لە ئیدیۆمی کوردیدا مانای گەورە بە ئیدیۆم دەبەخشن.مانای پڕ گرفت وخۆشی وناخۆشی وسەربەرزی وشەرمەزاری ودڵتەنگی وخۆشی وستەمکارو ستەم لێکراو چەوسانەوە چەوسێنەر لە ئیدیۆمە ڕەنگییەکاندا پانتایەکی بەرفراوانی هەیە، جا بەلایەنی کەم لە وشەیەک ڕەنگی تێدابێت ،یا دەربرینێکە دەلالەت لە ڕەنگ دەکات ، مانایەکی ناڕوونی هەیە،یا ڕەنگە ناڕاستەوخۆ بەکارهاتووە.
بەراووردکردنی ڕەنگە سەرەکییەکان لە هەردوو زمانی کلتوور جیا وئیدیۆمە ڕەنگییەکان زۆر دەوڵەمەندن لە ڕووی هەبوونی نمونەی لێکچوون وجیاوازییان لە ماناو ڕوونکردنەوەی ماناکانیان، ئەمەش دەروازەیەکە بۆ فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی تا باشتر بەلایەنە شاراوەو ئالۆزەکانی زمان ئاشنا ببن.
ناوەڕۆکی توێژینەوەکەش لەدوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم؛ چەمکی ئیدیۆم و تایبەتمەندی ئیدیۆم ، ڕەنگ ومێژووەکەی، ئیدیۆم ورەنگ، ڕەنگە سەرەکییەکان لەزمانی کوردیدا.بەشی
دووەم: ڕەنگە سەرەکییەکان لە ئیدیۆمی ئینگلیزیدا، بەراوردی ڕەنگە سەرەکییەکان لە ئیدیۆمی کوردی وئینگلیزیدا، لە کوتایی ئەم ئەنجامانەی پێگەیشتوین لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان دانراون.

## پێشەکی

1. ناونیشانی توێژینەوە: **ڕەنگە سەرەکییەکان لە پێکهاتەی ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزییدا،** توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە.

2. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: بەگشتی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ئیدیۆمەکان گرنگن بە تایبەت ئیدیۆمە ڕەنگییەکان تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی بەراوردکاری نەکراوە لەو ئیدیۆمانەی کە پەیوەندارن بە ڕەنگ لە نێوان زمانی کوردی وئینگلیزیدا، لە کاتێکدا بە کارهێنەران وفێر خوازانی زمانی

ئینگلیزی لە زیاد بووندان ،ئەمەش وەک هەولێک بۆ لابردنی ئەو ناڕوونییە کە بە هۆی ئیدیۆمەوە لە کاتی فێربوونی زمانی دووەم دێتە پێشەوە.

3. ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری (بەراوردکارییە).

4. کەرەستەکانی توێژینەوەکە :کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چوار چێوەی دیالێکتی ناوەراستی زمانی کوردیدایە، نمونەکانیش بریتین لە ئیدیۆمە کوردییەکانی تایبەت بە ڕەنگ لە کوردیدا لە فەرهەنگی ڕەنگی عەبدولوەهاب شێخانی ،ڕەنگ لە فۆلکلۆری کوردی هەردەوێل کاکەیی ،چەند سەرچاوەیەکی تر، بۆ ئیدیۆمە ئینگلیزیەکان زیاتر لەفەرهەنگیcollins_COBULLD ، ماڵپەری ئەلیکترۆنییەکان بە زمانی ئینگلیزی

https://ckb.m.wiki pedia.org/wiki.

-https://idioms.the free dictionary.com.

-https://word historyics.net.

5. سنوری توێژینەوەکە: سنوری کارەکە لە ئاستی سیمانتیک و زمانەوانی کارەکیی بەراوردکارییە، بە بەکارهێنانی ئیدیۆمە ڕەنگییەکانە لە زمانی کوردی وئینگلیزیدا.

6. ئامانج لە توێژینەوەکە:

1 . دەستنیشان کردنی هەندێ لەو ئیدیۆمانەی کە ڕەنگ لە پێکهاتەیاندایە لە زمانی کوردی وئینگلیزیدا.

2. بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان ڕەنگ وماناکەی لە پێکهاتەی ئیدیۆمە ڕەنگییەکاندا.

3 .ڕونکردنەوەی ئەو بەربەستانەی کە توشی فێر خوازی زمان دەبن لە تێگەیشتن ولە دەستەواژە ئیدیۆمیەکان کە پەیوەنیدارن بە ڕەنگ لە هەر دوو زمانی کوردی وئینگلیزیدا.

## 1. ڕەنگ لەپێکهاتەی ئیدیۆمدا

### 1.1. چەمکی ئیدیۆم

ئیدیۆم یەکەیەکی زمانیی ئاڵۆزە ،لەبەر ئەوە بە زۆر تیۆر و ڕێبازی جیا جیا لێکۆڵدراوەتەوە، بەتایبەت لە دوای هاتنەکایەوەی زانستی واتاسازیی و فەرهەنگیەوە ، بایەخێکی تەواوی بە ئیدیۆم و میتافۆر داوە. زمانەوانەکان بە بۆچوونی تایبەتی خۆیان و بەپێی ئەو ڕێباز و تیۆرە جیاجیانەی کە کاریان پێکردوە، پێناسین و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان بۆ ئیدیۆم جیاوازبوە لەهەردوو ڕووی واتا و فۆرمەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگایەکییتری دەربرینی واتای بارکراو بریتییە لە دەربڕاوە ئیدیۆمیەکان، کە بەرێگەیەکی چاڵاک و بە بەرهەم لە زماندا دادەنرێت، چونکە ئاشکرایە ئاخاوتن تەنیا بە دەربڕین و درکاندنی وشە و رستەی ئاسایی تەواو نابێت. بەڵکو زمان پێویستی بە ڕازاندنەوەو سەرنج ڕاکێشان و کارتێکردنی بەرانبەرە، مرۆڤیش بە گەیاندنی چڕترین و قوڵترین مەبەست پەنا دەباتە بەر دەربرینی ئامادەکراو، لەکاتی ئاخاوتندا بە ئامادەکراوی لە بەر دەستیاندایە و بەکاریان دەهێنێت.

(دروست بوی بە ئیدیۆم بوو بریتیە لە وشە دروست کردنێک، کە ناتوانرێت لەسەر بناغەی واتای بەشە پێکهێنەرەکانی تێبگەین، بە نموونە (سەر شین) پەیوەندی بە رەنگی/ شین/ەوە نیە، (جەرگ بڕ)یش پەیوەندییەکی بە ئامێریکی جەرگەوەنییە / بڕین/ی بە / وەک چەقۆ) (مەحەمەد مەحوی، 2009 : 169) {ئیدیۆم دەربڕینی فرە وشەیی یان فرە مۆرفیمین لە زماندا، سیما و تایبەتمەندێتی و مۆرفیمی چەسپاو واتای نادارِشتەیی جیاکەرەوەی خۆیان هەیە، کە لەیەکگرتنی وشەکان، کە فۆرمێکی بەقاڵب بوویان هەیە، لەگەڵ واتایەکی لێڵی تێکچرژاو.

ئیدیۆم لەڕووی دروستبوون و پێکهاتەوە بە یەکەیەکی زمانی فرە وشەیی ئامادەکراوی چەقبەستووی لە قاڵبدراوی چەسپاو دەناسرێت، ئەم چەسپاوییەشی وایلێکردوە لە وشە گۆڕکێدا سنوردار بێت، چونکە زۆر بە کەمی ڕێگە بە ئاڵوگۆڕکردنی یەکەی فەرهەنگی دەدات، هەروەها چەقبەستوویی و سیما دارێژراوی ناباوی ڕێزمانی، سیمایەکی تری جیاکەرەوەی فۆڕمی ئیدیۆمە. کەواتە ئیدیۆم فۆڕمێکی سینتاکسی، یا پێکهاتەیی تایبەتی هەر زمانێکە.

ئیدیۆم یەکەیەکی فەرهەنگییە، هەڵگری دەربڕینی بنەڕەتیین، دەقاودەق وەرگێڕانی بۆ ناکرێت، ڕەنگدانەوەی کولتوری ناوچەیەکن، فرەواتان.

زمانەوانی کورد لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەربارەی ئیدیۆم بۆچوونەکانیان لەیەکتر نزیکە، زۆربەی پێناسەکانیان لەژێر کاریگەریەکانی پێش خۆیان سەریانهەڵداوە و هاتونەتە کایەوە و بە گشتی کارەکانیان لە سنوری دیاریکراوی ئیدیۆم دەکۆڵنەوە.

## 2.1. خاڵی هاوبەشی ئەم پێناسانە ئەمانەن:

1. ناسادەیی فۆڕمی ئیدیۆم.

ئیدیۆم پێکهاتەیەکی ناسادەی هەیە کە لە شێوەی (وشەی داڕێژراو، وشەی لێکدراو، گرێ، ڕستە)، دان واتە فۆڕم چەسپاوە و قاڵبگرتووە.

2. لێڵی واتایی.

ئیدیۆم واتاکەی لێڵە و لە واتای فەرهەنگی بەشە پێکهێنەرەکانی بەرجەستە نابێت. واتە ئیدیۆمەکان بەشێوەیەکی نزیکەیی دەربڕینی بەستوون، واتاکانیان لەواتای پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەست نایەت. سەرەڕای گرنگی و کاریگەری یاسای (داڕشتەی پێکهاتەیی) بەگشتی ئەوە زانراوە کە یاسای پێکهێنانەوە بەسەر دەربڕینە شێوە ئیدیۆمیەکاندا جێبەجێ ناکرێت بەشێوەیەکی گشتی و باو ئیدیۆم لەڕووی واتاوە وا پێناسە دەکرێت، کە پێچەوانەی بۆچوونی پێکهێنانەوەیە، واتە دەربڕینێکە کە واتاکەی واتای ڕاستەقینەی لەکۆی واتای وشەکانی پێکناهێنرێتەوە.

## 3.1.تایبەتمەندیی ئیدیۆم:

1. ئەو واتایەی کە لە دەربڕینێکی ئیدیۆمیدا هەیە،جیایە لەو واتایەی کە لە وشە پێکهێنەرەکانیدا هەن.
2. دەربڕینی ئیدیۆمی لە هەر زمانێک لە کۆمەڵە وشەیەک پێکدێن،کە دەربڕینێکی نەگۆڕە.
3. قسەکەرانی ڕەسەنی زمانەکە ڕامان و دەربڕینە ئاڵۆزەکانی ئیدیۆم بە ئاسانی تێدەگەن.
4. لە ئیدیۆم کە شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو بە زۆرترین وشە کورتترین واتا دەدات.
5. ئیدیۆم یەکەیەکی زمانییە،لێکۆلینەوە لەبارەیەوە دەکرێت و بە زەحمەتی وەرگێڕانی بۆ دەکرێت.

## 4.1. چەمکی ڕەنگ

ڕەنگ : وەک شتێکی بینراوی ڕەها و پەتی لەهەر سەردەمێکدا کاریگەری خۆی هەیە بۆ سەر تەواوی ئایدیۆلۆژیای باوی ئەو سەردەمە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگ : لێکدانەوەی بیانیی مرۆڤە بەرامبەر جیاکردنەوەی شەبەنگەکان و ناوێکە بۆ سەرجەم تیشکە بینراوەکان (سوور- زەرد - شین - ئەوانی تر https://ckb.m.wikipedia.org) ڕەنگەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە چواردەوری مرۆڤەکانن و یەکەیەکی گەیاندنی بێ گفتوگۆیە لە نێوانیاندا ،کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوانیان هەیە.

ڕەنگ : بریتییە لە شێوەی جۆراوجۆری تیشک وەرگرتن و تیشکدانەوەی ڕووتەخت و ڕووکەشی دەرەوەی ،یان دیاری شتەکان بەو جۆرەی چاو لێکیان جیادەکاتەوە (سحر معزی، 2021).

ڕەنگ : چۆنیەتی دیمەنێک کە دێتە بەرچاو وەک سپیەتی ،سوری ،زەردی...

: واش ،بار ،جۆر ،تەرز

:چۆنیەتی بیچم و شکل (هەژار موکریانی، 1381، 362)

ڕەنگ : چۆنیەتی شت لە ڕەشێتی و سورێتی و... هتد.

جۆر: بەم (ڕەنگ)ە واتە بەم جۆرە (شێخ محەمەدی خاڵ، 2005، 227).

ڕەنگ زانستێکە پەیوەندی ڕەنگەکان و باری دەروونی مرۆڤەکان ڕوون دەکاتەوە.

ڕەنگەکان هەندێکیان دەبن بەهۆی کرژبوونی باری دەروونی و مایەی دڵتەنگی و خەم و پەژارەی کەسانێکی کۆمەڵ ،کەچی بەپێچەوانەوە هەمان ڕەنگ لەلای بیروباوەڕ و نەریتی باوی کۆمەڵێکیتر واتا و بیرێکی جیاواز دەبەخشێت و دەبێتە سەرچاوەی سەرفرازی و خۆشی و گەشبینی ،دەشێت باری سروشتی و کەشوهەوا و ئاویش جێی پەنجەی خۆیان بەسەر ئەم کێشەیەکدا هەبێت (شتێکی ئاساییە کە تێگەیشتنی مرۆڤ لە کۆندا سەبارەت بە ڕەنگ وەکو ئەمڕۆ نەبووبێ گۆڕانی بەخۆیەوە بینیبێت بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕبووبێت) (احمد موختار، 1982 ,49). مەسەلەی هەستکردن بە ڕەنگ لە ناو هەموو نەتەوەکان وەک یەک وایە کەچی ژمارەی وشەکانی ڕەنگیشیان جیاوازبێت.

(Hugo Magnus) لە 1877دا لە دایکبوون و پەرەسەندنی وشەکانی ڕەنگی بەستووە بە گەشەسەندنی هەستی مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی لەسەر 16 زمانی جیاکردبووی ،گەیشتە مەسەلەی هەستکردن بە ڕەنگ لەناو هەموو میللەتەکان وەک یەک وایە ،گەرچی وشەکانی ڕەنگیان جیاوازبن) (مستەفا زەنگەنە، 37 : 2002).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگ پێویستیەکی تایبەتە بەژیان ،بەنەمانی ژیان ڕەش و سپی دەبێت. مرۆڤ هەست بە ڕەنگەکان دەکات لە ڕێگەی سێ دەمارە کۆتایی لە تۆڕی چاودا ئەو ڕەنگانەی شەپۆلەکانیان درێژن و وەک سوور ،ئەو ڕەنگانەی شەپۆلەکانیان کورتن وەک نیلی و بنەوشەیی ،ئەوانەی درێژە شەپۆلەکانیان مام ناوەندە وەک ڕەنگی سەوز ((جا کاتێک تیشک دەکەوێتە سەر چاو بۆ هەر ڕەنگێک لە ڕەنگەکان کۆمەڵە دەمارانە دەروژێن ،گەر هەرسێکیان رووژان ئەوا چاو هەست بە ڕوناکی سپی دەکات، بەڵام گەرهیچ کامیان نەرووژان ئەوا ڕەنگەکانی ڕەش دەبن ،هەندێک کەسیش بەهیچ جۆرێک هەست بە ڕەنگەکان ناکەن ،ئەوانە توشی نەخۆشی ڕەنگ کوێری بوون ،هەروەها لە تاریکیدا هەستکردن بە ڕەنگەکان نامێنێت ،لە ڕوناکی کەمیشدا ئەو هەستکردنە کەم دەبێت بەتایبەتی بۆ هەردوو ڕەنگی سوور و سەوز)) (جمال محمد، 24 :2012). لەناو ڕەنگەکاندا ڕەنگی گەرم و سارد هەیە ،ئەم زاراوەیەش بەرهەمی هەست کردنی مرۆڤە بەسروشت کە دەوترێت ڕەنگە گەرمەکان وەک زەرد ،سور ،پرتەقاڵی ،ئەویش لە دیاردە هەستییەکانەوە هاتووە کە هەستی گەرمی بە مرۆڤ دەبەخشن وەک خۆر و ئاگر ،گڕکان ،سپێدە...، ڕەنگە ساردەکانیش وەک سەوز ،شین ، نیلی ،مۆر ،ڕەنگی ساردن لەبەرئەوەی وەک شینایی ئاو و دەریا و شینی ئاسمان و بەفر و باران و دارو دارستان و کێڵگە..، زاراوەی ڕەنگ خۆی چەمکە، بەڵام بەهەڵە وەکو ناو بەکاریدەهێنن ڕەنگ زاراوە گشتییەکەیە ،خەڵک وەکو ناوی هەموو ڕەنگەکان بەکاریدەهێنن.

ڕەنگ + سپی = Tint واتە ڕەنگەکە لە تۆخی بەرەو کاڵی دەچێت.

ڕەنگ + ڕەش = Shade واتە ڕەنگەکە زیاتر بەرەو لای ڕەشی دەچێت.

ڕەنگ + ڕەنگە دروستکراوەکان = Tone ڕەنگی جیا دروست دەبێت.

ڕەنگەکانی شەبەنگ کورتکراوەی ناوی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە ROYGBIV (2018 Lisa Marder,

## 5.1 تایبەتمەندییەکانی چەمکی ڕەنگ.

1. واتاکەی بەئاسانی بگەڕێندرێتەوە لەو بەشەکەی کە لێوەی وەرگیراوە وەک خۆڵەمێشی.
2. ئەو چەمکە زاراوەی ڕەنگ پێویستە جێبەجێ بکرێت لەسەر بابەت گەلێکی بێسنوور.
3. نائامادەگی (نائامادەیی) لە یەکلابوونەوەی هەر زاراوەیەکی ڕەنگ لە دەستەواژەکانی ڕەنگ غیابی لێکۆڵینەوە هەیە.
4. لە ڕووی دەروونی بە ئاسانی بناسرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەر لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو تایبەتمەندیەکانی کە بۆ زاراوەی ڕەنگەکان دانراوە ،دەگونجێت ڕەنگێک لە واتایەکی جیا لە کلتووره جیاوازەکان بەرجەستە دەکات ،کلتوریش نەک تەنیا نەریتەکان دەگرێتەوە ،بەڵکو شوێنێکی جوگرافی هەروەها نوێنەرایەتی ئاینیش بگرێتەوە.

## 6.1. مێژووی پەیدابوونی ڕەنگ

بە بۆچوونی ماکس لوشر لە کتێبی (روان شناسی ڕەنگەکان). ڕەنگ یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی سروشت. (سحر معزی، 2021 ,41)مێژووی دەرکەوتنی ڕەنگ دەگەڕێتەوە بۆ بونی هەتاو لە کۆنەوە تا ئێستاش لەگەڵ دەرکەوتنی هەتاو ڕەنگەکانیش لە سروشت بوونیان هەیە. ڕەنگی شینی دەریا و ئاسمان ،ڕەشی شەو ،سوری سپێدەی بەیان ،زەردی ئاسۆی سپێدە ،ڕەنگی بەردەکان و ڕەنگی خاک و ئاو، بەفر و هەور و مانگ و پەلکەزێڕینە و گیا و گوڵ و دار و دەوەن ،ڕەنگی خوری ئاژەڵەکان و مێروو کە ئەمانەش لق و پۆلی زۆریان لێدەبێتەوە. پاش پەیدابوونی کلۆرۆفیل ڕەنگە سەوزەکان و ڕەنگە گیاییەکان زیادکراون بۆ سروشت. مێژووی بەکارهێنانی ڕەنگ لە ژیان بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ لە ئەشکەوت ژیاوە ،پاشماوەکانیان ئەوە نیشاندەدەن دیواری ئەشکەوتەکان بە نیگاری زەینی خۆیان ڕەنگ ڕێژ کردووە بەو ڕەنگانەی سروشت و خۆڵی ناو ئەشکەوتەکان. گوڵی ڕەش و سور و زەرد ،یەکێکە لە بوونی مادە سەرەتاییەکان بۆ ڕەنگکردن بەکاریان هێناوە بەجۆرێک ئێستاش لە پیشەسازی ڕەنگکردندا ئەم سێ ڕەنگی گوڵە بۆ ڕەنگکردنی داوی مافوور و جل و بەرگەکان بەکاریان هێناوە ،کوردەکانی زاگرۆس نشین میراتگری کلتوری کۆنی بەکارهێنانی ڕەنگن و بە کۆنترین دانیشتووانی خەڵکی ئەم ناوچەیە دادەنرێن ،ژیانی کورد لەگەڵ ڕەنگەکان مێژوویەکی دێرینی هەیە، سازانی ڕەنگەکان لە زمانی کوردی زیاترە وەک لە زمانەکانی تری جیهان.

ڕەنگ دیارترین خولە لە مێژووی فەرهەنگ و بیروباوەڕی دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس. لە فەرهەنگی زارەکی و نوسراو هەم لە زمان و ئەدەبیاتی ئەمان تێکەڵبوونی ڕەنگ بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت . ڕەنگی سروشتی سەرەتا بینراوە لە خاکی زاگرۆس نشینەکاندا ،ڕەنگە سروشتیەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی هەبوە ڕەنگی قاوەیی ،سوری ئوخرایی ،کرێمی ،خۆڵی خاکی ئەشکەوتەکانی زاگرۆس نشینەکان ،گڵی (ئۆخرابوە کە جۆرە گڵێکی زەرد و ڕەش، زەرد و سوور کە دیواری ئەشکەوتەکانیان پێڕازاندۆتەوە و هەوڵی نیگارکێشانیان داوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان ،گڵی ئوخرا لەسەر دیواری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەشکەوتەکان بەهۆی تێپەڕبوونی کات و تێکەڵبوونی ئۆکسجین لەگەڵی و ئۆکسانی کردووە ،وایکردووە شێوەیەکی پتەوەی هەبێت ببێتە هۆی مانەوەی بەهەزارەها ساڵ (سحر معزی ,2021، 40) قۆناغی دوای ئەمە ڕەنگە سروشتیانە لە قاپە گلینەکان بەکارهاتوون دوای دەرکەوتنی هونەری چنین ڕەنگی سروشتی خوری و مووی ئاژەڵەکان یەکەمین ڕەنگی پێکهێنەری جلەکان و دوایی مافوور و ڕاخەرەکانیان بووە ، (ڕەنگی موو خوری ئاژەڵەکان؛ دەبن بە دوو بەش: سپییان واتە سپی لە خوری مەر، ڕەشانیش واتە موی بزن چونکە ڕەشە پێیدەڵێن ڕەشان. ڕەنگی مووی ڕەشی بزن و خوری سپی مەر ڕەنگیتری تێکەڵ دەکرێت زیاتر لە ٥٠ ڕەنگیان لێپێکدێت. وشەی ڕەنگەکان زۆرفەلسەفین و دەیسەلمێنن کە ناوی زۆر کۆنن، لەمێژە کورد ئاژەڵ بەخێودەکات.)(عەبدولوەهاب شێخانی: 2013، 303) قۆناغی دوای ئەمە بە ڕەنگەکانی کە لە گوڵەکان بوونیان هەبووە و تۆوی گیاییەکان و مێرووەکان... هتد. ئاشنابوون و ئەویان لە ڕەنگەکانی پیشەسازی خۆیان بەکارهێناوە ،پیشەسازی ڕەنگکردن یەکێکە لە بەکارهێنانترین پیشەسازی کە لەم ناوچەیە بینرابن. ڕەنگە سروشتیەکان گڵی خاک و خوری ئاژەڵەماڵییەکان بەشێک بووە لە ڕەنگە یەکەمینەکان کە خەڵکی زاگرۆس نشین پێش دۆزینەوەی ڕەنگ گەڵا و تۆی گیا و مێرووەکان.. هتد. سودیان لێ بینیوە ،ئەو ڕەنگانەی کە لە خوری ئاژەڵە ماڵییەکانیان دەستیان کەوتووە وەک ڕەنگی کرێمی زەرد - قاوەی کاڵ و تۆخ - مارۆنی - خۆڵەمێشی - سپی - ڕەش بەرچاودەکەوێت. ئەم ڕەنگانە بەشێوەی سروشتی و تێکەڵکراو ،ڕەنگی جلەکان و مافوور و ڕەشماڵ و ڕاخەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێکهێناوە (دکتر غلا معلی ادریسیان، 1395 : 70) لە ئێستاشدا گوند و لادێکانی کوردستان ئەو جل و ڕاخەرانە بە ڕەنگی سروشتی بەردەستدەکەون.

لە گڵی ئۆخرایی دانیشتووانی ئەم ناوچانە جگە لە ڕەنگکردنی دیواری ئەشکەوتەکان ،لە ڕەنگکردنی قاپە گیڵییەکان و جلەکانی خۆیان بە دوو شێوە بەکاریانهێناوە.

1. دەفرە گڵیەکانیان بەشێوەی سادە و بەیەک ڕەنگ دروستیان دەکرد.
2. دەفرە گڵیەکانیان بۆ ڕازاندەوە قاپەکان لە ڕۆژگاری دوای ئەو نیگارکێشانی قاپەکان ڕەنگی پێچەوانەی ڕەنگی بنەڕەتییەکان بۆ ڕەنگکردنی نیگارەکانیان بەکاریان دەهێنا (سحر معزی ,42 ,2021).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕۆژگاری ئێستادا گڵی ئەم خاکانە بۆ ڕەنگکردنی دیواری ماڵەکان و دروستکردنی قاپی گڵی (فەخوری) هەروەها پیشەسازی ڕەنگرێژی بەکاردەهێنن ،هەریەکەیان ناوێکی تایبەتی هەیە. زمانی کوردی یەکێکە لە زمانی دەوڵەمەندەکان کە وشەو بەکارهێنانی جۆراوجۆری لە ڕەنگەکاندا هەیە، کورد جگە لە حەوت ڕەنگەکەی پەلکەزێڕینە لەزۆر بابەت و لقی تر ڕەنگی وەرگرتووە بەنموونە لە میوە وەک هەنار ،پرتەقاڵ ،لە ڕەنگی بەردە بەنرخەکان ،گوڵ و دار و خاک... هتد. لەیەکچوانەی ڕەنگی دەستکەوتووە وەک (بەی: زەرد ،جەرگی: سوور ،مێوژی: ڕەش ،گۆگرد : زەرد ،دارچین:قاوەیی کاڵ ،ئاوی:شین ،گیایی :سەوز ،زەیتونی:سەوزی کاڵ ،فستقی ،پیازی... هتد) .

ڕەنگە نەرمەکانمان هەیە کە لەخێزانی ڕەنگە بێ ڕەنگەکانن وەک (ڕەنگی پەریوو ،زەرد هەڵگەڕاو) کە ئەو ڕەنگانە بە ئارامکەرەوە ناسراون وەک ڕەنگی پەمەیی ،وەنەوشەیی ،ڕەنگی پونگە ،ڕەنگی میوەکان ،ڕەنگی گوڵی لافندەر ،ڕەنگی پیازی ،ئاوەی... هیتد. ئەم ڕەنگانە لە سروشت وەردەگیرێن و ڕەنگیان لێدروست دەکرێت (Lisa Marder, 2018). دەتوانرێت بەهۆی پەیوەندی نزیکی ئەم گەلی کوردە لەگەڵ ڕەنگەکان کاریگەری ئەوان لە مێژوو ،کلتوور ،باوەڕ و زمانیان ،تا ئێستاش بەباشی بەرچاو دەکەوێت،کلتوری کۆنیان دەوڵەمەند بووە لە بەکارهێنانی ڕەنگ کە بوەتە هۆی کە زمانی میلەتی کورد پڕبێت لە وشە و ناوی جۆراوجۆری ڕەنگەکان ،هەروەها پێکهاتەی وشەکان و شعر و ئەدەب و پەندی پێشینان و ئیدیۆمدا. ڕەنگ دەورێکی گرنگی هەیە لە تێگەیشتن و واتایاندا ،زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە دەوڵەمەندەکان کە وشە و بەکارهێنانی ناوی جۆراوجۆری ڕەنگەکاندا.

## 7.1. ڕەنگ و ئیدیۆم

ڕەنگەکان بەتێکڕایی لە ئیدیۆمی کوردیدا مانای گەورە دەبەخشن بەشداری لە پێکهاتەی ئیدیۆمدا دەکەن، مانا بە ئیدیۆمەکان دەبەخشن، ماناکان سادە نین و پڕ لە فەلسەفەن، مانای پڕ گفت و خۆشی و ناخۆشی و سەربەرزی و شەرمەزاری و دڵتەنگی و خۆشی و ستەمکار و ستەم لێکراو، چەوساوە و چەوسێنەر لە ڕەنگ لە ئیدیۆمدا پانتایەکی بەرفراوانی هەیە، بەشداری تەواوی دروستبوونی ئیدیۆمدا دەکەن، داهاتوو ئایندە هەڵدەسەنگێنن. ئیدیۆمە ڕەنگییەکان پێکهاتووە لە:-

1. بەلایەنی کەم لە وشەیەک کە ڕەنگی تێدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. دەربڕینێکە دەلالەت لە ڕەنگ دەکات کە مانایەکی ناڕوونی ڕەنگی هەیە، یان ڕەنگەکە ناڕاستەوخۆ بەکارهاتووە.

(ئیدیۆمەکان وا وەسفکراون کە بەشێکن لە یەکەیەکی کۆمەڵە وشەیەکی واتادار و ناڕوون لە ڕووی فۆڕم و واتاوە) (ل2 ,Lnglotz, 2006). ئیدیۆمەکان لە بنەڕەتدا سروشتیان وایە کە ناڕوونن بەبەراورد لەگەڵ مانا ڕاستەقینەکانیان، تا ئەوکاتەی واتاکانیان دەزانرێت ئەمەش پێویستی بە توێژینەوە هەیە لە پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان و ئەو مانای کە بۆی بەکارهاتووە لە ئیدیۆمەکە لەگەڵ ناساندنی ئەو ئیدیۆم و ڕەنگ ئەو شێوە گونجاوەی کە هاوکارمان دەبێت لە دەستنیشانکردنی ماناکەی، کاتێک بەلایەنی کەم هەندێک پلەی ڕوونی هەبێت لە ئیدیۆمەکە ئەمەش کارێکی ئاسانە پێشبینی ماناکەی بکەیت لەڕێگەی مانای هەموو بەشەکانیەوە بە بەراورد بە ئەوەی کە لێکچوون نەبێت لە مانا گشتیەکەی. ئیدیۆمە ڕەنگییە گشتییەکان بە دیاریکراوی دەستنیشانی ڕەنگێک ناکات، وشەی ڕەنگەکە نیشاندەدات یا دەردەخات، وانیشاندەدەن کە وشەی ڕەنگەکە خودی خۆی مانایەکی قوڵی هەیە، مانای ئیدیۆمەکە تێکدەچێت ئەگەر وشە ڕەنگییەکان لا بدەی وەک ناساندنی حاڵەتی ئەوەی کە ڕەنگدار نەبێت یان نائاسایی بێت دەستەواژەکە.

زانیارییە سەرنجڕاکێشەکان دەتوانرێت دابڕێژرن لە ڕێگەی زانینی کە بۆچی ئەو ئیدیۆمە بەکارهاتوون. هەروەها تێگەیشتنی ئەو ڕەنگەی بۆچی ئەو دەربڕینانە بۆ وەسفکردنی ئەو شتە بەکارهاتووە، بەجۆرێک کە جیاوازن یان لێکچوونیان هەیە لە زمانەکان. بەکارهێنانی ڕەنگ لە ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا لە جۆرێک لە چوونە ناو یەکی جیهانیان هەیە بۆنمونە هەردوو زمان دیاردەیەکی زۆر ڕوونیان هەیە لە بەکارهێنانی ئیدیۆمە ڕەنگییەکان، ئەوەش دەرئەنجامە بۆ ئەوەی بەجۆرێک واتا لێکچووەکانی جیاواز بێت دەربڕینە ئیدیۆمیەکان نامۆن بەبەراورد بەزمانی ئاسایی، لەبەر ئەوەی ئەوان جۆرێک لە دەربڕینی هەست و پەرچەکردار (کاردانەوەیی) بۆ دەگوازنەوە لەبەر ئەوە ئەوانە پەرچەکردارن بۆ هەستێک ئەمەش شتێکی نامۆیە بۆ کەلچەری دیاریکراو، ئیدیۆمەکان سەرنجڕاکێشن بەهۆی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی هەیانە کە هۆکارە بۆئەوەی ماناکەی ڕوون نەبێت، تێگەیشتن لێیان ئاڵۆزە، لەبەرئەوە کەسەکان توشی نائاشناییەک دەبن لەگەڵ مانا خوازراوەکەی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیدیۆمەکان بەکارهێنانیان جیاوازە لەنێوان زمانەکان، لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی یەکەم (دایک)، هەندێک کات ڕێگایەکی سادەیە بۆ دەربڕینی بیروڕای ئالۆز کاتێک لەهەندێ کاردا دەیانەوێت داهێنان دروستبکەن لەبەکارهێنانی زمان.

توێژینەوەکانی لەسەر ئیدیۆم کراوە، هەوڵدراوە ئیدیۆمەکان دابەش بکەن لەسەر بنچینەی پلەی زانراوی ئیدیۆمەکە.

(idiomaticity) واتە ڕەسەنایەتی ئەو شتە ئەنجامی پرۆسەی بەرەوپێش چوونە لەئەو ڕستانەی کە ڕاستی دەردەبڕن وە هەندێ دەستەواژە و هەندێ کرداری پێکەوەبەستنی کۆمەڵی گرێ لێکچوون لەبەرچاوگیراوە، بابەتێکی زۆر سەرنجراکێشە ڕوون و ناڕوونی ئیدیۆمەکان لەبەرچاوگیراوە و ڕوونی و ناڕوونی دەگوازرێتەوە لەگەڵ ماناکانیان) (Wafa Jeza, 2015 ,98).

لەبنچینەدا کەسەکان ئیدیۆمیەکانیان بەباشی دەربڕیوە، لەڕووی پێناسەوە ئیدیۆمی تەواو نەبوون، یان پێناسە نەکرابوون، دوایی بوون بە ئیدیۆمی ڕوون و ناڕوون. ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئیدیۆم سەرنجراکێشە بۆ کێشانی وێنەیەکی پێکداچوونی کەلچەرەکان و جیاوازیکردنیان و لێکچوون (هاوبەش) دەرخەری تاقیکردنەوەی مرۆڤەکانە کە بڵاویان کردۆتەوە لەنێوان یەکتری کە دوورە لە زمان (لەڕووی تاقیکردنەوە وێناکراوە) بۆنموونە پەیوەندی سوور بەخۆشەویستی یان سپی بە پاکی وەک (Robinson and Meier) دەڵێن (زۆرێک لە ئایینەکان چاکە و باشی لەگەڵ ڕوناکی و سپی هاوتا دەکەن بەپێچەوانەوە تاریکی و ڕەشی لەگەڵ شەودا بەڵگە نەسەلمێنراوەکان لە ڕاستیدا پاڵپشتی ئەو خاڵە دەکەن کە ئەم پەیوەندی بەستنەوەیەی باسمانکرد، پەیوەندیەکی جیهانی و کلتورییە، هەرچەندە پێچەوانەی ڕووناکی و تاریکی کە تەنها لەو نموونانە بە دەرناکەون کە پەیوەندیدارن بە بیروباوەڕ و ئایینەوە پێچەوانەکەی (ڕەش) زۆربەی کات بەرامبەر بە سپی لە ژمارەیەکی زۆر لە ئیدیۆمەکان) ( , (Robinson and Meier, 2005242.

## 8.1. ڕەنگە سەرەکییەکان لە زمانی کوردییدا:

1. ڕەنگی سوور لە زمانی کوردیدا

ڕەنگی سوور یەکێکە لە ڕەنگە گەرمەکان، بنەمایەکە بۆ سەرجەم ڕەنگە گەرمەکان تایبەتمەندیەکانی تەواو پێچەوانەی ڕەنگی شینە تەنها لەوەدا هاوبەشن هەردووکیان لە ڕەنگە سەرەکییەکانن، ڕەنگی

سوور سێیەم ڕەنگە کە بەجۆرێک پێگەی سەربەخۆیی هەیە لە نێوان دەستەواژە ڕەنگییەکان بەکارهێنانی لە ئیدیۆمدا سێ جار زیاترە لە ڕەنگەکانیتر (ڕەنگی سوور لە زمانی سۆمەری بەناوی سوو یا سوور Sûr ناودەبرێت، بۆ سووری تۆخ وشەی (مز) لەگەڵ وشەی سوور لەزۆربەی ناوچەکان بەکارهاتووە، هەروەها بۆ ناوی ڕەنگی سوور 57 ناو بەکارهاتووە) (سحر معزى، 2021 :40)

**هاوواتاکانی وشەی سوور:**

مارۆنی، گوڵرەنگ، گوڵڕەنگ، گوڵگوڵیرەنگ، گوڵئاڵڕەنگ، گەش، ڕۆنیاسی، خاز، ڕژد، سورخ، گەوەز، ئەرقەم، ڕەوسە، شیلان، قرمز، سوججەیی، سوورنگی، خوێنی، برمووتی، سوورگوڵی، ئارگۆن، مەیرەنگ، سوورایی، مێلاقەیی، سنەیی، مز، سوورمز، قورمز، سوور قرمزی، سوير، خوێنی لیلاخی، لیلووزی، گەوەز، سۆرات، سوهر، ولین.

### 1.8.1. تایبەتمەندییەکانی ڕەنگی سوور

1. ڕەنگی سوور مێژوویەکی دێرینی هەیە، لەزۆربەی کلتور و ئاینی کۆن و ئێستا سوور نیشانەی خەڵق و ژیان و هاتنە دونیایە، لەناو کورددا سوور ڕەنگێکە ڕەمزی هەتاوە، مرۆڤ لەکۆنەوە بوونی ژیانی لەسەر گۆی زەوی هۆکاری بوونی خۆر زانیوە، ئەم باوەڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی ڕۆژ پەرستی کە ئاگر و هەتاو پیرۆزی خۆی هەبووە لە سروشت زۆر باو بووە وەک خوێن، ئاگر، زۆرێک لە گوڵەکان و میوە پێگەیشتووەکان.

2 . ڕەنگی سوور ڕەنگێکی شاهانەیە ،بەسەر ڕەنگەکانیتر زاڵە، لەلای مرۆڤی شۆڕشگێڕ خۆشەویستە مانای قوربانیدان و خەباتە و شەهیدبوون لەپێناو ئازادی. هەروەها تووڕەبوون و سڵکردنەوە و شەڕ و خوێن ڕشتن و کوشتار و یاخیبوون.

3. ڕەنگی جوانی و ڕازاندنەوە و خۆشی و لەشساغی و سەربەرزی و داوێن پاکییە.

4. ڕەنگی مەراسیمی بووک گواستنەوە و خەنەبەندان بووە، لەلایەکی تر ڕەمزی مەرگ و مەراسیمی لە گۆڕنانی مردوان بووە.

5. ڕەنگی مرۆڤی تەماحکار و شەڕ و تووڕەبوون و سڵکردنەوەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. خوێن و عیشق و ئاگر لە تایبەتمەندییەکانین. ڕەنگی دڵخوازی مێینەیە لە کۆن هێزی باشە و سۆز و هەستی نەرموونیانی بووە ئەمانەش دیاردەی مێیینەیین، نیشانەی گەنجییەتی و دڵخۆشی و خۆشەویستییە و چاو سەرسام دەکات.

7. سوور کارایە لە بزواندنی هەستە قوڵەکان و زیاتر هەست و سۆز دەوروژێنێت بۆیە سیمبولی حەقیقی عیشقە کە ڕەنگێکی جوڵێنەرە.

## سەرچاوەی درووستبوونی ڕەنگی سوور

ڕەنگی سوور بە چەند ڕێگایەک بەرهەم دێت:

1. لە ڕابردوودا سوور یەکەم ڕەنگە کە مرۆڤ پێی ئاشنا بووە، ئەویش کاتێک ئاژەڵی ڕاوکردوە، شوێنەواری دەستەکانی بەسەر شتەکانی دەوروبەری سەرنجی ڕاکێشاوە، دواتر لەگەڵ چەند مادەیەکی تر تێکەڵی کردووە وەک ڕەنگ بەکاریهێناوە. خوێنیش مادەیەکی ڕەنگ سوورە لەناو لەشی بوونەوەران وا باوەرە کە ڕەنگی سوور لە خوێن وەرگیرابێت زۆرجار لەجیاتی ڕەنگی سوور خوێن بەکارهاتووە (عەبدولوەهاب شێخانی، 2013 : 172).

2. ڕەنگی سوور لە ڕەنگی خەنە وەرگیراوە، خەنە گیایەکە وەکو زۆربەی گیایەکان لەکاتی کوڵانی ڕەنگی دەگۆڕێت، کاتێک گەڵا وشکەکانی بکرێتە ئاوی گەرم، ڕەنگی سوور دروستدەکات مانەوەی زۆری لە پێست و موو جل و بەرگی بە تایبەت قوماش، تەنانەت بۆ ئارایشت بەکارهاتووە.

3. ڕۆنیاس: سۆرنگ: رۆلنزان: ڕەگی گیایەکە گوڵی بچوکی ڕەنگ زەرد دەگرێت و دوو مەتر بەرز دەبێت (بەن، خام) ی پێ ڕەنگ سوور دەکەن (عەبدولوەهاب شێخانی، 2013 :149)

4. لە ڕابردوودا ڕەنگی سوور لە ئۆکسیدی ئاسن (ژەنگ) بەدەست کەوتووە دواتر لەگڵی ئۆخرایی سور کە ڕەمزی خوێن بووە بەواتای ژیان کۆتایی نەهاتووە، دەستیان کەوتووە. (رضی، 1384: 50)

5. ڕەنگی سوور لە ڕەنگی ناوی قرمز/کرم مزیا/کورم مز بەواتای کرم قرمز هاتووە تەنیا لە ناوچەکانی کوردنشینەکانی زاگرۆس وشەی مز بۆ ڕەنگی سوور سوودی لێ بینراوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەنگی سوور لەم کرمە ڕەنگ سورە سود وەرگیراوە لە پیشەی ڕەنگرێژیدا وشەی کرم مز یا کرم مزی دواتر گۆڕانکاری تێدا کراوە بۆ تە قرمز (سحر معزی، 2021 :45)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2.8.1. ئیدیۆمی ڕەنگی سور لە کوردیدا :-

1. سورانەت وەرگرت: بەو پارەیە دەوترێت کە لەماڵی زاوا دەسەنرێت پێش بووک بەرێکردن، کەسێک ئەم کارە دەکات، تا بیسەلمێنێت بووک بە خاوەنە و کەسوکاری هەیە.

سورانە: مەراسیمی هەفتانەی بووک.

سوورکردن: شایی کردن.

سوورگێڕان: شایی و زەماوەند، مەراسیمی شادی بەهۆی خونچەی سوور و خەنە.

سووری نەکردبوو: جوانەمەرگ، زەماوەندی نەکردبێت.

2. گوڵی سوورم: ئازیزم

دەمی سورکردووە: ئارایشتی کردووە

داکەسوور: کچ و ژنی سوور و سپی و جوان.

سۆرێ: ناوی ژنانە، بانگکردنی مرۆڤی سۆرکەڵ.

ڕووسوور: سەربەرز، کردار و گرفتاری بێ کەم و کوڕی بێت.

ڕووت سووربێت: تەنیا بەژن دەوترێت نیشانەی داوێن پاکییە.

سوورگوڵ: یاری جوان و قەشەنگ.

سووری پۆشیوە: دڵی خۆشە، گەنجە

3. دەمسوورە: زۆر ئازاو دلێر.

هەڵۆی سوور: ئازا لە کوشتن ناترسێت.

کڵاو سووری بەر لەشکر: پیاوی ئازا و جەربەزە دەوترێت کە پێشەنگی لەشکری بێت.

کڵاو سوور تەقیلەی: نیشانەی یاخیبوونە.

4. چاوی سوور بووە: لەخۆی گۆڕابێت، یاخی بوو، تورە.

چاو سووركردنەوە: تورەبوون.

کارتی سوور: پێدانی کارتی سوور بە یاریزان بەمانای دەرچوونە لە یاساکانی تۆپی پێ.

مردنی سوور: مردنی بەکۆمەڵ.

هەرچی لێ دوورە، ڕەنگی سوورە: پیاوی شەڕخواز و خراپ، کەسێک لە ژیاندا ڕەنگ سوور بێت بێ دوودڵی و دڵنیایی دەژی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستی بەخوێن سوورە: کەسێ پیاو کوژ و تاوانبارە.

ئاگرە سوورە لەخۆمان بەدوورە: شەڕ هەڵگیرساوە لەمن دوورە. ئاگرێکە لە دوورەوە بڵێسەکەی دیارە.

ئاگری سوور: شۆڕش و بەرگری، ئاگری گەورە، بەڵای گەورە.

ڕەنگ سووربوون: مانای تووڕەبوون.

سوورە وڵات: بە ڕەنگی خوێنی تێکۆشەران.

هێڵی سوور: سنوری دیاریکراوی شوێنێک یا قسەوباسێک یا هەر بابەتێکی ترسناک.

لە خوێن سوورکردن: کوشتن.

شمشێری سوور: خەڵکی کوشتووە.

دەستی بەخوێن سوورە: کەسێ پیاوکوژ و تاوانبار.

خەباتی سوور: هەوڵ و تێکۆشانی پڕ لە کوشتن و خوێن ڕژان.

کۆچی سوور: ڕۆشتنی پڕ لە خوێن ڕژان.

مەرگی سوور: مەرگی بەکۆمەڵ.

هاوینی سوور: قرچەی گەرمای هاوین.

نیشتمانی سوور: وڵاتی بەخوێن ئاودراو.

بەهاری سوور: بەهاری پڕ لە کوشتن و برین.

ڕێبازی سوور: تەقەڵای پڕ خوێن.

لاوکی سوور: شەڕانی، بۆ ئازادی کوردستان دەوترێتەوە.

دەم سوور: شەڕانی، خراپەکار.

سوورە: حزبی شیوعییە.

فلان سەربەسوورەکانە: لایەنگری حزبی شیوعییە.

ڕەنگی شەفەق: ڕەنگی سووری خوێنی شەهید، ڕەنگی سووری پێش ڕۆژهەڵات و پاش ڕۆژئاوا.

خۆرهەڵاتی سوور: شەبەقی بەیانی.

لەسۆری سبەینێوە: لەکاتی شەفەقەوە/بەرەبەیان.

5. سورێژە/سورەتا/ئاگرە سوورە/سوبەلەک: نەخۆشییەکە جەستە سوور دەبێتەوە تای بەرز دەبێت، لە کۆندا لەبەر نەبوونی پزیشک بە نەخۆشیەکی کوشندە لەقەڵەم دراو باوەڕیان وابووە گەر نەخۆش لەناو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جلی سوور بخەوێنن یا جلی سووری لەبەربکەن، نەخۆشەکە لەناودەبات، مەرگ و شیفای نەخۆش لە بەر بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە دەزانن.

سوور داگیرساوە: تای گەرمی لێیە.

6. سوورخکار: کەسێکە بە سووری بنوسێ یا دیواری پێ سوور بکات، سبوخ دەرمانێکە وەک گڵ وایە دەگیرێتەوە نوسینی پێدەکرێت.

سوور عەییار: فێڵبازێکی زۆرزانی بەناوبانگە.

کەوای سووری بەر لەشکر: بەکەسێک دەوترێت کەخۆی لەهەموو کارێک هەڵدەقوتێنێ.

سووری دوو دووگرە: زۆر تەماحکار، لەبەشی خۆی زیاتر هەڵبگرێت.

دەنووکێ سوور: ئافرەتی بێ شەرم.

سووری بینی سەمای لە بیرچوو:بێ وەفا، کەسێکی بینی یەکێکی تری لەبیرکرد.

پیاوی سوور: ڕەنگێکی خوێن سادرە بۆ پیاو.

شەوی سوور: کاری بازرگانی ناڕەوا، لەشفرۆشی

7. سوورکردنەوە: خواردن لەناو ڕۆن سوورکردنەوە، سوور هەڵگەڕانی ئاسن.

فەڕشی سوور: بەخێرهاتن، ئەتەکێتی پێشوازی لە سەرۆک و شاهانە.

زمانی سوور: درۆناکات.

سوورە سوور: ئاشکرا، دیار.

پوولە سوور: پارەیەکی کەم، کە فلس کەمتریین پارە بووە.

دەم سوور: جۆرێکە لە ماسی.

گۆشتی سوور: گۆشتی حەیوان، ڕەشە وڵاخ.

لەواتای ئەم کۆمەڵە ئیدیۆمانە دەردەکەوێت کە ڕەنگی سوور ئەم واتایانە دەدات.

لە کۆمەڵەێ ئیدیۆمی یەکەم: ڕەنگی سوور واتای ئاهەنگ گێڕان و بووک گواستنەوە دەدات.

کۆمەڵە ئیدیۆمی دووەم: ڕەنگی سوور واتای جوانی و ڕازاندنەوە و خۆشی و سەربەرزی و داوێن پاکی دەدات.

کۆمەڵە ئیدیۆمی سێیەم: ڕەنگی سوور مانای ئازایی و دلێری و جوامێری و قوربانیدان دەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵە ئیدیۆمی چوارەم: ڕەنگی سوور مانای پیاو کوشتن و یاخیبوون و تووڕەبوون و ئاگر و گەرما و هەر قەدەغەکراوێک دەگەیەنێت.

کۆمەڵە ئیدیۆمی پێنجەم: ڕەنگی سوور مانای نەخۆشی دەگەیەنێت.

کۆمەڵە ئیدیۆمی شەشەم: ڕەنگی سوور مانای هەندێ سیفەتی نەرێنی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت.

کۆمەڵە ئیدیۆمی حەوتەم: ڕەنگی سوور بە مانای هەندێ بابەتی جۆراوجۆر دەگەیەنێت.

## 9.1. ڕەنگی زەرد لەزمانی کوردیدا:

ڕەنگی زەر یەکێکە لەڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە ڕەنگێکی سەرەکیە و ڕەنگە گەرمەکانە، ڕۆژ بەڕەنگی زەرد دەبینریت، یەکێکە لەڕەنگە پیرۆزەکان چونکە ڕوناکی بەخشە.

هاوواتاکانی ڕەنگی زەرد:

زەرد، ماە، ڕوناکی، ڕۆشنایی، کارەبا

تایبەتمەندیەکانی ڕەنگی زەرد

1. ڕەنگێکی ڕوناکە، ئاماژەیە بۆخۆشی و چاوتێری جوانیە، غیرەکردن، کات دیاری دەکات وەک جۆزەردان، زەردی خۆرئاوابوون، گەنم زەردبوون، نیشانەی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتە، ڕەنگی ئاڵتونە، نیشانەی زانستەو برایەتی و تەباییە.

2. کورد ڕەنگی ڕۆژ (خۆر) بەزەرد دەزانێ و کەرۆشنای گەرمایی دەبەخشێتە سەرانسەری گۆی زەوی ڕوناکی دەکاتەوە، یەکێکە لە هۆیە سەرەکیەکانی بەردەوام بوونی ژیان، ئاڵای ڕێبازی (یارستان)نیش زەرد بووە، بەلایانەوە ئەم ڕەنگە پیرۆزە.

3. لەلایەکی ترەوە ڕەنگی زەرد و نیشانەی نەخۆشی لەڕو لاوازی و مردن و برسێتی و نەبوونی ترسان و پەژارەیی وشەرمەزاریی و چارەکلۆریە.

سەرچاوەی دروستبوونی ڕەنگی زەرد

سەرچاوەی ڕەنگی زەرد شەبەنگی تیشکی ڕوناکییە.

ئیدیۆمەکانی ڕەنگی زەرد لە کوردیدا:

زەردە/زەردەپەڕ/زەردەیی: ڕەنگی خۆر لەکاتی خۆرئاوابوون، زەردیکی تایبەت و جیایە. زەردایی کاتی خۆرئاوابوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆزەردان: لەکاتی پێگەیشتنی زەردبوونی گەنم و جۆیە، ناوی مانگێکی کوردییە
وڵاتی ڕەنگ زەرد: پاییز
زەردبوون: وشکبوونی گیاو گەنم، زەردهەڵگەڕان و پێگەیشتن
2. زەردبوون: ڕەنگی پەڕین، ڕەنگ زەردبوون بەهۆی نەخۆشیی، خەم
زەعفەرانی زەرد: بەیەکیک دەڵێن کە لاوازو ڕوخساری زەردبێت
دەڵێ زەردەچەوەیە: زەردوویەتی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە
زەردهەڵگەڕاوە: زەردهەڵگەرانی ڕەنگ بەهۆی نەخۆشییەوە/ ترس
زەرتاڵ: زەرداوی ڕشانەوە
زەدەکردن: تروسکاییەک بۆ بینین
3. زمانی زەردوویەتی: نەوێری بدوێی لەبەر ترس یا هەر جۆرە هۆکارێکی تر
کفنی زەرد کرد: یەکی زۆر ترسابێت
پەڕۆ زەردکردن: خۆ تەڕکردن یان پیسکردن لە ترسا، پەڕۆی ڕوسپێتی
4. زەردو و سور: پەلکە زێرینە، منداڵی جوان، جلی زەردو و سور
زەردکردن: نیوە کوڵان بۆ خواردن
ڕووزەرد: شەرمەزار
ڕەنگی زەرد: هێمایی غیرە کردنە، ڕق هەڵستانە، خەفەت دانە بەئەوانی تر
زەردە: واتا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە
بەهاری زەرد: بەهاری پڕ لەناخۆشیی
پولی زەرد: پارەی دروستکراو لە زێڕ، لیرەی عوسمانی
زەردەی چاو: دەسەڵاتت نەبێ کارێک بکەی
دەمە زەردکردن: تیژکردنەوەی ئامێر /نوێکردنەوە سەر لەنوێ تێهەڵچیتەوە
دەم زەرد بوون: ماندووبونی لە ئەنجامی زۆر گوتنوو سەرزەنشتکردن
تفی زەرد کرد: ڕق و کینە
کفن زەردکردن: مردن دوای ماوەیەک
زیرە کوشتوو: گریانی بێ وچان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زێڕی زەرد: پاک، زۆر چاک

زەردە گەرما: گەرمای بەتین

5. بەم خۆرئاوای خۆر لە زەردە: دوعاکردن بە چاک یان خراپە.

دەردە زیرە بگری: واتا هەر لە گریان و هات و هاوارابیت.

کۆمەڵە ئیدیۆمەکانی رەنگی زەرد ئەم واتایانەی هەیە

.کۆمەڵە ئیدیۆمی یەکەم: ڕەنگی زەرد کات دیاری دەکات

کۆمەڵەی ئیدیۆمی دوەم: ڕەنگی زەرد نەخۆشی دەست نیشان دەکات

کۆمەڵە ئیدیۆمی سێیەم: ڕەنگی زەرد ترس دیاری دەکات

کۆمەڵە ئیدیۆمی چوارەم ڕەنگی زەرد کۆمەڵە ئیدیۆمی واتا جیاوازن

کۆمەڵە ئیدیۆمی پێنجەم ڕەنگی زەرد لەم کۆمەڵەیەدا واتای دوعا کردن دەدات.

### 10.1. ڕەنگی شین لە زمانی کوردیدا:

ڕەنگی شین: ئەو ڕەنگەیە لەشەبەنگی ڕوناکیدا هەیە دەکەوێتە تەک سوور و سەوز یەکێکە لەڕەنگە سەرەکییەکان و ساردەکان، شین و ڕەش لە خراپی کۆک و یەکن، بەرکەوتەی بەردەوامی چاوی ئێمەیە بەو پێیەی ڕەنگی ئاسمان و ئاو شینەو وەبەشێکە لە پێنج ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنەری بوون لە (ئاگر، خاک، کانزا، ئاو، سەوزایی).

هاوواتاکانی وشەی شین:

شین، لاژەوەردی، لەیلەنگی، کوورەکە ڕەنگ، خومشین، خومەشینکە، کەوە شین، شینکەوە، مەخموور، جمووشی، خمییکەوە، جەوهەری، خوماوی، بیلا، مەخموور ڕەنگ، لاجەوەردی، لاجیوەردی، هەشینامی، کۆ/کەوی/کەویێ، ئابی، هەش، جون، جونەک، جقیت، ئابیکی، خومکەوهەوز، هەشینایی، کۆ هۆ، کەسپک، شینکەوە، کەود، ئەزرەق، کرچکەوزاق، ئاوی، قەزوانی، چویت، خم، نیلی، کەوسیر، کوسک، کەسکە، کتک چاو شینی پشیلە.

### 1.10.1. تایبەتمەندی ڕەنگی شین:

1. یەکێکە لەو ڕەنگانەی کە نزیکایەتی زۆری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە لە فەرهەنگی کوردیدا لە لایەک هێمایی مەرگ و تازیە بارییە و ترسە و دورخەرەوەی چاوپیسی بەکاریان هێناوە، دەرگاو

پەنجەرەکانی ئەم گوندانە زیاد ڕەنگی شینە. منداڵەکان وژنان مورووی شین لە مل و دەستی خۆیان ئەکەن و تەنانەت بە دیوارەکانشیان هەڵواسیوە.

2. لەلایەکی ترەوە لەزانستی دەروونناسی نیشانەیەکە بۆ ژیان و بوونی ئارامی کەڕەنگی دەریاو ئاسمان و بیرکردنەوەی فراوانی ژیانە هەڵگری خەسڵەتی خەیاڵییە، توانای گۆڕینی وزەی نەرێنی بۆ وزەی ئەرێنی هەیە.

3. لەزمانی کوردی و شێوەزارەکاندا زیاتر لە (٥٩) ناو هەیە بۆ ڕەنگی شین (سحر معزی، 2051: 40).

4. دوو جۆری هەیە شینی کاڵ نیشانەی پاکیی و ڕوناکیی ژیانەوەیە دەوری پیرۆزیی و جوانی بینیوە بۆنموونە خاڵی شین، خاڵی کوتان لەسەر پێست (جۆری دووەم شین تۆخ (نیلی) ڕەنگی قەیرەیی و ڕێزگرتنە لەتەمەن) (هەردەوێڵ کاکەیی، 2005: 79)

5. شین دژبە ڕەنگیی سوور و زەرد و سپیە، شین و ڕەش لەخراپیی کۆکن و یەکن چونکە شین ڕەنگی ئاسمان و ئاوە، دژی ڕەنگی سوورە ڕەنگی ئاگر و خوێنە وەک لەم پەندە هاتووە و ئەڵی( سوور وکەوە، وەنە هەوە، سوور و شین هەوێی یەکن)

6. بەخشەری هێمنی و ئاسودەیی و ئارامیی و دڵنیاییە

7. نیشانەو هێمایە بۆ کار و تێکۆشان.

سەرچاوەی دروستبوونی ڕەنگی شین

سەرچاوەی دروست بوونی بە دوو ڕێگە دەست دەکەوێت:

ڕێگەیی یەکەم ڕەنگی شین لەگیایی قەتران وەرگیراوە، قەتران گیایەکە لەناوچەی زاگرۆس و وڵاتی هند هەیە، بۆ بەکارهێنانی دەبێت گیایەکە لەڕەگەوە دەربهێنرێت بە پێچەوانەیی هەڵبواسرێت ئەو ئاوە/شیرەیی لەناو ڕەگی گیایی قەتران هەیە دەبێت بگەڕێتەوە ناو گەڵاکانی دوای وشک بوونی گیایەکە، دەیکوتن یان لە ئاش ئەیهاڕن ڕەنگی نیلی /خمی/ یان شینی تۆخ دەست ئەکەوێت.

ڕێگەی دووەم لەناوچەی زاگرۆس ئەم ڕەنگە لە میوەیەکی گیایی بە ناوی نیل دروستیان کردوە. بەڵام لەئیستادا جۆرێک لەنیلی کیمیایی بۆ ڕەنگرێژی لە وڵاتی ئەڵمانیا دەهێنریت کەلەگەڵ ئامۆنیاک وهایدرۆسۆلفیدی سۆدیۆم تیکەڵ دەکریت بەڕەنگی خم لەوە بەدەستدەهێنن، ئەم ڕەنگە سەرەتا سەوزە دواتر بە تیکەڵبونی ئۆکسجین هەوا دەگۆڕێت بۆرەنگی شین (سحر معزی، 2021: 41).

ئەو ئیدۆمانەی ڕەنگی شین لەپێکهاتەیاندا هەیە:

1. شینگێڕ: شین و شیوەن، شین وزاری، شین وشەپۆڕ گریانی بەکوڵ. شینگێر، خەم گێر، تازیە باربونی خانەوادەیەک یەکێ لەباوەڕەکانی کورد ئەوە بوە کاتێک کەسێک دەمرێت، کەسێ لەنزیکەکانی مردوەکە ناوی شین گێر بووە لەقاپی گلی کە ناوی خەم بووە لەڕەنگی شین دروست کراوە گێرانی ڕەنگی شین، کە لەدەستی شینگێر بوو ژنانی خانەوادەی مردوەکە کۆتایی کەزیەکانیان ڕەنگی شین لێرەدا، پیاوەکانیش سەرقۆلی کراسەکانیان  بە شین ڕەنگ دەکرد. لێرەدا نیشانەی تازیەباری بوە.

شینی ئازیزت بگێرێت: نەفرەت کردن دێت، واتا ڕەنگی شین بۆ ئازیزت بگێرێ، یان بەپێچەوانەوە بۆ نزای خێر دەوتریت ڕەبی کەس شینی ئازیزت. نەگێرێ.

سەرت لەخم نەگیرێ: وشەی خم وشین دەلالەتە بۆ مەرگی ئازیزیزانت

خمخانە: شوێنێکە ئەم قاپە گلیی شینانەی لی هەڵگیراوە، خوێن تێزانی جەستەو بەرکەوتن لەدوایدا شین و مۆر بیتەوە

خمخانەی شین: کاتێک شین دەبێتەوە، شین بوونەوە، ڕەنگ گۆرانی پێست لەئەنجامی شت بەرکەوتن.

کڵانەوەی کەوە کەوتۆتە نێوانیان / کڵافەی شین شین کەوتۆتە بەینیان: پەیوەندیان پچراوە بەواتای چاوی خراپی شین لێیان داوە.

کلانە شین: مورویی شین.

خمشێوان / خمشێواوە: بەئاژاوەو غەڵبەغەڵب هەرا دەوتریت، کارەساتیک کۆتایی پێنەیەت، باردۆخ شێواوە /تێکچوە. کاتێک خمچیەکان (ڕەنگرێژەکان) ئەو ڕەنگەی مەبەستیانە لەکاتی ڕەنگرێژی دەرنەچووبایە دەیانوت خمشێواوە خەمیان پێدەخوارد.

خمی دونیا بەسەری: کەسیک توشی کارێکی خراپ هاتبێت.

لەخمێت نیم: ڕسوات بکەم.

شین نامە: بە مردوو هەڵگوتن.

شین گرێدان: ماتەمی بەستن / تازیە دانان

شین و مۆر: لێدان، جەستە ڕەنگی بگۆرێت

ئارەقەی شین /ئارەقەی مۆر / ڕەش: ماندوبونی زۆر

پەڕۆی شین: هێمای سەرشۆڕیە.

قاپ شین: حولحولی، بێکەڵک بۆ کەمکردنەوە بەکاردێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پینە شینەی ناوشان: خۆ هەڵواسین بە خەڵک.

سەرشین: هەرشتیک کەسەری شین بیت، هەش بەسەر، تازیە بارە

سەرت شینکەی: کۆستت کەوێت، مردوت بمرێ

بەختت ڕەش بێت خەنەت هەش بیت /یا بەختی ڕەش حەوجە بەهەش ناکا: چارەڕەش

2.خمار/ خم دار/ خومار: خاوەن خەم.

دایکی کراس کەوە نەبڕاوە: کاتێک کارێک سەر ناگرێت دەڵێن ئەو کارە نا کارێکی تر

خم / خمی: بەری گیایەکە شینە، ناوی ڕەنگی شین

شین: تازیە، وەک دەڵێن شین و شایی دەستەوایی، ڕەنگی گیایە.

مەشکە شین: منداڵی ڕەنگی ڕەشە بە تەوسێکەوە وای پێدەوترێت

کۆشکەی شین: سەرسامبوون، ئەبلەقبوون

کەپرە شینە=کەپرە سەوزە: جەژنی جولەکەکان، یەکەم بارانی پاییز

بنێشتە شینە: خۆشەویستیی، بنێشتە خۆشەیی سەر زاران، زۆر باس بکرێ بەلایەنی نەرێنی

خۆم شین: دوور بەدوور

دەغلی شین: کاتی نێرینەی بەهار

شینە شاهۆ: باز

شینایی =سەوزایی: بیستان

شین بوون: ڕەنگکردن بەڕەنگی شین، سەوزبوونی ڕووەک، سەرهەڵدانەوە، شینبوونەوە.

شینە دەمار: شارەگەکانی خوێن / دەمارگیر

جقە شینە: بەفرە شینە

شینە: گەورە / شینە خانوو: خانوی گەورەبلێی

شینی حەسەن و حوسینە هەرنەبڕایەوە: درێژدادری زۆر

ئیدیۆمەکانی کۆمەڵەی یەکەم: واتا نەرێ دەدەن زیاتر باس لەخەموو خەفەت تازیە باری دەکەن کەڕەنگی شینی تۆخ دەگرێتەوە

ئیدیۆمەکانی کۆمەڵەی دووەم: واتایی ئەرێ دەدەن باس لە بابەتی جۆراو جۆر دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. ڕەنگە سەرەکییەکان لەپێکهاتەی ئیدیۆمی ئینگلیزییدا:

### 1.2. ئەو ئیدیۆمانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ڕەنگی سوور(Red)

ڕەنگی سوور لە خانەی سێیەم دێت لە ناسینەوەی ڕەنگ وابڕوایە کە ڕەنگی سوور بۆ لایەنی ئەرێنی بەزۆری بەکاردێت ،هەر چەندە لە ڕوانگەی دەروونیەوە پەیوەندیدارە بە حاڵەتێک کە وزەی زۆری دەوێت وەک لە باری بەرگریکاری و مانەوە و باری کۆکردنەوە و پەکخستن ،ژمارەی ئیدیۆمەکانی ڕەنگی سوور لە پێکهاتەیاندا هەیە ،لەزمانی ئینگلیزیدا زۆر و گرنگن بەزۆری وەسفی حاڵەتی نەرێنی دەکەن بەجۆرێک گرێدراوی دەستەواژەکانی مەترسی ،توڕەبوون ،هەبونی ئاگاداری ،لایەنی ئەرێنیش زیاتر بۆ حاڵەتی کەسایەتیەکی گەشبینە.

خشتەی ژمارە (1) ڕوونکردنەوەی ئیدیۆمی تایبەت بە ڕەنگی سور

| | | |
|---|---|---|
| 1 | Catch someone red handed<br>Caught red handed | گرتنی کەسێک کاتێک کارێکی نائاسایی دەکات و هەر هەڵەیەک بەتایبەت دزیکردن. |
| 2 | Better dead than red | باشترە بمری ،نەک بە سەرشۆڕی لەژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان بیت. |
| 3 | Red under the bed | هەبوونی مەترسی ،یان کاریگەری و دڵسۆزبوون بۆ کۆمۆنیستی. |
| 4 | Red in both claw | دەست سووربوون بە خوێن بەهۆی کێشمەکێش لەسەر کێشەیەک ،یان دەم سووربوون لای گیاندارە دڕندەکان بۆ دەستکەوتنی خۆراک ،ئازاردان. |
| 5 | Red flag | نیشانەی سوور بۆ باری مەترسی یان ئاگادارکردنەوە لە مەترسی. |
| 6 | A red cent | (سەنت) یَ باشترە لە کەم نرخی |
| 7<br>8<br>9 | In the red<br>In to the red<br>Out of the red | قەرزاری پارەی کەسێک بیت |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

| | | |
|---|---|---|
| 10 | Red light district | کاری لەشفرۆشی ،بازرگانی ناڕەوا ،شەوی سوور (کلەپ نایت) |
| 11 | Paint the town red | مەست بوون و ئاڵودەبوون بەمادەی بێهۆشکەر |
| 12 | Red-eye | ویسکی زۆر بەهێز و هەرزان ،سەرگەرمکردن تا بەرەبەیان. |
| 13 | Like a red ray to a bull | کردەوەیەک ببێتە هۆی توڕەبوونی کەسانێک ،نیشاندانی سوور بە گایەک بۆ توڕەکردنی |
| 14 | See red | چاوسووربوون ،لەناکاو توڕەبوون |
| 15 | Red as a beet | شەرمەزاربوون ،دەم و چاو سوربێتەوە |
| 16 | Red as a beetroot | شەرمەزاربوون ،دەم و چاو سوربێتەوە |
| 17 | Red faced | هەستی شەرمەزاری |
| 18 | A red letter day | بۆنەیەک ،ڕوداوێک ،یادەوەریەکی گرنگی ئایینی ،کە بەڕەنگی سوور ڕەنگ دەکران لەسەر ڕۆژمێر |
| 19 | Red herring | پێدانی زانیاری/ پێشنیار بۆ دیاریکردنی تەرکیز ،وێناکردنێک بۆ بەلاڕێدابردن |
| 20 | Red tape | ئەوپەڕی ،سنوردانان و ئاگادارکردنەوە بۆ دەربڕین و ڕونکردنەوەی یاساکان و دەستوور ،دانانی سنورێک بۆیان |
| 21 | Red hot | بەپەرۆش ،وروژاندن ،بەجۆرێک بەهرەمەندبێت |
| 22 | Shown the red card | پێدانی کارتی سووری دەرچوون. |
| 23 | Red carpet treatment | فەرشی سوور داخستن. |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو ئیدیۆمانەی کە ڕەنگی سوور لە پێکهاتەکەی هەیە ،دەرپرینی حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنی بەکاردێت. هەرچەندە هیچ بالانسێک نییە لە نێوان ئەو دوو حاڵەتە ،بەجۆرێک زۆربەی ئیدیۆمەکان سیفاتی نەرێنی دەردەخەن. ڕەنگی سوور لەزۆربەی کلتورەکان و لەڕووی دەروونیشەوە دەستنیشانی مەترسی دەکەن لەناو ئیدیۆمە زۆر بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

1. ئیدیۆمی (1) پەیوەندی بە مەترسی و کردەی ترسناکی هەیە ،وە کاردانەوەی ئەو مەترسیانە لەسەر کۆمەڵگا.
2. ئیدیۆمی (2،3) بریتییە لە دەربڕینی حاڵەتی سیاسی و دەرئەنجامی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەبەست لێی سیاسەتی کۆمۆنیستەکان هەر کاریگەر نەبوون بەسەر وڵاتەکەی خۆیان بەڵکو کاریگەر و مەترسی لەسەر ڕۆژئاواش هەبوو ،ئەمەش بە هەڕەشە و مەترسیەکی گەورە هەژماردەکرێت.
3. ڕەنگی سوور پەیوەستە بەیەکدا کەوتنی پێچەوانەیی و پەرچەکردار دروست دەکات وەک لە ئیدیۆمی (4) دەست سووربوون ،بەهۆ کێشمەکێش لەسەر کێشەکان ،ئازاردان ،یا دەم سووربوون لای گیاندارە دڕندەکان بۆ دەستکەوتنی خۆراک.
4. دەستەواژەیەکی گشتی بۆ دەربڕینی هەستی مەترسی و ئاگادارکردنەوە لە مەترسی ،نیشانەی سووری ئاگادارکردنەوە ،وەک لە ئیدیۆمی (5).
5. ڕەنگی سوور پەیوەستە بەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی کەسێک دەبێتەوە لەژیان و مەترسی ئابوریەکان و ئاستەنگەکانی دەربڕاون لە ئیدیۆمەکانی (9,8,7,6)، سێ نموونەی یەکەم ئەوە دەردەخەن کە قەرزاری کەسێک بێت ،لەکاتێکدا نموونەی (6) نیشانەی کەم نرخی هەبوونی ئابووری دەدات.
6. هەڵسوکەوت و کردەی خراپ پەیوەندیدارە بە کاری لەشفرۆشی و بازرگانی ناڕەوا بە جەستە (شەوی سوور) لە ئیدیۆمی (10) ڕەنگی داوەتەوە.
7. ئیدیۆمیەکانی (11،12) نیشانەی ترسناکی و مەست بوون و ئاڵودە بوون بە کحول و مادەی بێهۆشکەرە.
8. ڕەنگی سوور دەربڕی هەستە کە حاڵەتێکی گرنگی تووڕەییە وەک لە نموونەکانی (13،14) ڕەنگی داوەتەوە ،کە چاوسووربوون و توڕەبوونی لەڕادەبەدەرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. لە ئیدیۆمەکانی (15،16،17) پەیوەندی بە حاڵەتی شەرمەزارییەوە هەیە ،کاتێک ڕوخسار ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێت ،ئەم دەستەواژەیە بۆ وێناکردنی کەسی تورە و هەست بە خەجاڵەتی لە ئەنجامی بارێکی نەویستراودا.
10. ئیدیۆمی (18) هێماکردن بەهۆی ڕەنگی سوورەوە ،بەهەبوونی بۆنەیەک یا یادکردنەوەیەکی ئاینی ئەم زاراوەیەش دەگرێتەوە بۆ ساڵی (1549) کاتێک یەکەم کتێبی ڕێوڕەسمە ئاینییە باوەکان دەرچوو ،ڕۆژمێرێکی لێدابوو ،بۆنە ئاینیە پیرۆزەکانی بە مەرەکەبی سوور ڕەنگ کرابوو وەک Christmas Day-2) (Gary Martin, 2015)
11. لە ئیدیۆمی (19) جەختکراوەتەوە لەسەر هەبوونی زانیارییەک ،تەرکیز و وێناکردن بۆ بەلارێدابردن. لە ئیدیۆمی (20) دەرخەری ئاگاداری تایبەت بۆ ڕونکردنەوەی یاساکان و دەستوور هێڵی سوور دانان بۆ بابەتەکان.
12. بەکارهێنانی ڕەنگی سوور بۆ لایەنی ئەرێنی تەنها لەیەک ئیدیۆم دەرکەوتووە لەنێوان ئەم (23) ئیدیۆمەدا ،ئەویش ئیدیۆمی (21) جەخت لەسەر مانای کەسایەتی گەشبین و بەهرەمەند دەکاتەوە.
13. ئیدیۆمی (22) باس لە حالەتی پێدانی کارتی سوور دەکات بە مەبەستی کۆتایی هێنان و قەدەغەکردنی کارەکە دێت.
14. ئیدیۆمی (23). باس لە حالەتی پێشوازی دەکات و ڕاخستنی فەرشی سوور هەرکات فەرشی سوورمان بەرچاو دەکەوێت ،لە چواردەوریا خەڵکێکی زۆر لە پێشوازیدان ،بەشێکیش خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێت کە کەسێکی پایەدار ،خاوەن شکۆیەک ،کەسێکی تایبەت لەوێوە تێدەپەڕێت.

### 2.2 شان و شکۆ و فەڕشی سوور

شاعیری تراژیدی یۆنانی (ئێخیلۆس) لە شانۆی نەهامەتییەکانی ئەگامنون-دا باس لە پێشوازییەکی - کلیتمنسترا دەکات بۆ هاوسەرەکەی کە لەجەنگی تەروادە گەڕاوەتەوە فەرشێکی سووری ئەرخەوانی بۆ ڕادەخا ،بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە بەسەریدا بڕوات ،دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئەم فەرشە تەنها بۆ پاشاکان ڕادەخرێت ،ئەوە بەخششی خودایە تەنها بە خاوەن شکۆکانی بەخشیوە کەواتە بەبڕوای یۆنانییەکان فەرشی سووری ڕاخراو گەورەیی و شکۆ دەبەخشێت ،دەگوترێت کە بابلییەکان یەکەمجار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم فەرشەیان بەکارهێناوە ،بەڵام بەڵگە لەبەردەست نییە ،کەواتە فەرشێکە شان و شکۆ دەکات بە کردار بێ وشە مانای بەخێرهاتن دەگەیەنێت. لە شانۆوە بۆ سیاسەت گواستراوەتەوە ،ئەم ڕەنگە ڕەنگێکی شاهانەیە و هەم سەرنج ڕاکێشە و هەم بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆخۆی کێش دەکات. لەڕووی ئەتەکێتی پێشوازییەوە ئێستا بۆتە عورفی دیبلۆماسی و هەر سەرۆکێک یا بەرپرسێکی باڵا دەچێتە وڵاتێکی دیکە تا بەردەم فرۆکە یا شوێنی دیاریکراو پێشوازی لێدەکرێت. لە مێژووی ئەمریکا لە ساڵی 1821 فەرشی سوور براوەتە کەنار دەریا بۆ ئەوەی پێشوازی لەسەرۆکی پێنجەمی وڵات جەیمس مۆنرۆ بکەن ،وە لە ساڵی 1902 فەرشی سوور بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵک لەبەردەم هێڵی شەمەندەفەر ڕاخراوە تا بگوترێت سواربوونی شەمەندەفەر شاهانەیە ،ئەم هەڵوێستە دوو لێکدانەوەی بۆکراوە لە لایەک سادەکردنەوەی فەرشی سوور بۆ ئاستی جەماوەری و نەهێشتنی ئەو پیرۆزییە بوو ،لەلایەکی تر بەکارهێنانی لە بواری بازرگانی.

## 3.2 ئەو ئیدیۆمانەی پەیوەندییان هەیە بە ڕەنگی زەرد (Yellow)

ڕەنگی زەرد، هەمان پێگەی ڕەنگی سەوزی هەیە لە ڕیزبەندی ڕەنگەکاندا.

خشتەی ژمارە (2) ڕوونکردنەوەی ئیدیۆمی تایبەت بە ڕەنگی زەرد

| | | |
|---|---|---|
| 1 | to be yellow | ترسنۆکی (ترسنۆکانە) |
| 2 | Have a yellow streak | گێلی |
| 3 | yellow dog | ترسنۆکی/ چەپەڵی، کەسێکی چەپەڵ |
| 4 | Have a yellow belly | ترسنۆکی/ بەشێوەکی گێلانە هەڵسوکەوت بکەی |
| 5 | yellow journalism | هەواڵی ڕووژێنەری- ڕاچەڵەکێنەر- بێلایەن - بێ واتا، مەبەست تیایە خوێنەر ڕابکێشێت بۆ خۆیان. |
| 6 | yellow journalist | ئەو کەسەی ئەو هەواڵەکە دەنوسێت. |
| 7 | yellow press | هەواڵی ڕوژێنەری بێ واتای بێلایەن. |
| 8 | yellow light | ئامادەبە بۆ ڕۆیشتن یان وەستان یان بە ئاگاداری بڕۆ. |
| 9 | code yellow | میز بە خۆداکردن لەشوێنی نا ئاسایی بەهۆی نەخۆشی، ترس یان بارێکی لەناکاو. |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 10 | don't aet yellow snow. | بەفری زەرد مەخۆ کە بەهۆی میزپێداکردنوە ڕەنگی زەرد بوە، بڕیاری خراپ مەدەن، کاری بێواتا مەکەن(خراپ). |
| 11 | mellow yellow | نازناوێکە بۆ مادەی هۆشبەر/ قاپیەری توێکڵی مۆزی وشکراو کە بڕوایان وابوو کاریگەرە بۆ بێ هۆش بوون. |
| 12 | yellow grease | ڕۆنی بەکارهێنراوی خواردنە خێراکان |
| 13 | yellow cake | کێکێکی ئیسفەنجی زەردە، زەردێنەی هێلکەی بۆ بەکاردێت، هەندێ جارکرێم لە سەری دائەنرێت/ تۆزێکە لەبەردی یۆرانیۆم بەرهەم دێت کە بۆ چەکی قەدەغەکراوی کوژەر بەکاردێت. |
| 14 | yellow brick road | ڕێگەیەکی باوەڕ پێکراو بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و سەرکێشی وادادەنرێت ڕێگەیە بۆ هاتنەدی ئاواتەکان (خەونەکان) |

1. ئاماژە بەوە دەکەین کە ڕەنگی زەرد لە زمانەوانی هێمایە بۆ ئازایەتی، بەڵام لە چوار ئیدیۆمدا بە مانای پێچەوانە دێت کە ترسنۆکی و گێلیە. لە ئیدیۆمەکانی (1،2،3) لەگەڵ (4) بۆ دەربڕی حاڵەتی ترسنۆکیە، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، ڕەنگی زەرد پەیوەندی هەیە بە ترس لە بەر ئەوە وا بەستەیەکە لەنێوان دوو دەستەواژەی ترس هەروەها بوون بەترسنۆکی دۆزراوەتەوە.

2. لە ئیدیۆمی (5،6،7)دا وەسفی ڕۆژنامەگەری و هەواڵی هەژێنی (وروژاندنی) ڕاستیەکان و تەرکیز خستەسەریان دەکات نوسەری ئەم جۆرە بابەتانە دەکات. لە کێبرکێی بازاڕی ڕۆژنامەگەری بڵاوکراوەیەکی سەرەکی لەلایەن داهێنەرانی (Joseph Pulitzer،William Randolph ) ڕوویەری ئەو ڕۆژنامانە زەرد دەکرا کە ئەو ڕاپۆرتانەی دەورژاند، سەبارەت بە پشتگیریکردنی لەجەنگی ئەمریکی-ئیسپانی دژ بە فیلیپین و کوبا، ڕوژاندنی ڕاستیەکان. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەساڵی ١٨٦٦ دا وە کاریگەربونی جیهان بە ڕووداوە نێودەوڵەتیەکان ئەم ناوەش لەکارتۆنی منداڵانەوە هاتووە بەناوی (yellow kid). لە (Campbell و Joseph،2011) ئاماژە بەوە دەکەن هیچ ڕونکردنەوەیەک و ئاماژەیەک نیە، کە بۆچی ڕەنگی زەرد بەکار هاتووە نوسەرەکان گریمانەی ئەوە دادەنین لەوانەیە ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیدیۆمە پەیوەست بکریت بە گاڵتەجاری لەنێوان منداڵاندا زۆر باوە، بۆیە ناو دەبریت بەڕۆژنامەگەری زەردی منداڵان hidtory.state.gov/milestones.

3. ئیدیۆمی (8) پەیوەند بەحاڵەتی ئامادەبوون بۆ ڕۆشتن یا ڕاوەستان لەترافیک، یا ئاگەدارکردنەوە.

4. ئیدیۆمی (9) پەیوەندە بەحاڵەتیکی نەخوازراوی (میزکرن) کە لەژیر کۆنترۆلی مرۆڤدا نەبیت بەهۆی باری (نەخۆشی، ترس، ڕوداوی لەناکاو) ، بەڵام ئیدۆمی (١٠) باس لە(میزکردن) دەکات لە ژیر کۆنترۆلی مرۆڤە کە لەسەر بەفر میز بکریت، وا بکات ڕەنگی بەفرەکە زەرد بیت کارێکی ناشرین و خراپە، یا بڕیاردانی دروست نییە.

5. حاڵەتی نەرێ لەئیدیۆمی (12,11) دەردەکەوێیت، ئیدیۆمی (11) باس لەمادەی هۆشبەر دەکات، وە (12) ڕۆنی بەکارهێنراوی خواردنە خێراکان کە هەردوو باری ناخوازراو ناتەندروستن.

6. ئیدۆمی (13) ڕەنگی زەرد دەرکەوتن لە کێکی ئیسفەنجی بەهۆی تێکردنی زەردینەی هێلکە، یا ئەو تۆزەی لەبەردی یۆرانیۆم بەرهەم دێت کە بۆ چەکی کوژەر بەکاردێت.

7. ئیدێۆمی (14) وا دابنێت ڕێگایەک هەیە یان تروسکایەک هەیە بۆ گەیشتن بەخەونەکانت سەرکەوتنەکان.

## 4.2. ئەو ئیدیۆمانەی پەیوەندییان هەیە بە ڕەنگی شین (Blue)

بە ئاماژەکردن بە ژمارەی ئیدیۆمەکانی ڕەنگی شین ،دەتوانرێت ئەوەمان بۆ دەربکەوێت کە ڕەنگی شین سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ دروستکردنی ئیدیۆمەکان ،دەروونناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕەنگی شین ،ڕەنگێکی زۆر باوە لەجیهاندا.

خشتەی ژمارە (3) ڕوونکردنەوەی ئیدیۆمی تایبەت بە ڕەنگی شین

| | | |
|---|---|---|
| 1 | Blue funk | بارێکی پاڵەپەستۆیی دەروونی ،حاڵەتی بێئومێدی ،دڵەڕاوکێ زۆر تارادەی خەمۆکی. |
| 2 | Blue Monday | ڕۆژێکی ناخۆش ،پاڵەپەستۆی زۆر ،سەرەتای کارکردن |
| 3 | Fell blue | باری دڵتەنگی ،خەمباری ،پاڵەپەستۆی زۆر |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 4 | Have the blues | باری دڵتەنگی ،خەمباری ،پاڵەپەستۆی زۆر |
| 5 | Sing the blues | هاوارو فیغان کردن ،شین و ڕۆرۆ ،دڵتەنگ بوونی زۆر. |
| 6 | To the blue | لەگەڵ دڵتەنگی ،داماوی ،غەمباری. |
| 7 | Scream blue murder | سکاڵاکردن،هاوارکردن بەدەنگی بەرز. |
| 8 | Talk a blue streak | درێژدادڕی،زۆر بلێ. |
| 9 | Between the devil and the deep blue sea. | ناچارکردن بەهەڵبژاردنی نێوان دووباری نەویستراو. |
| 10 | The wide blue yonder | ئاسمان و دەریا ،ناوچەیەکی نەزانراو |
| 11 | Out of the blue | چاوەڕوان نەکراو ، ڕودانی لەناکاو (پاش ماوەیەکی زۆر) |
| 12 | Blue blood | بەکەسێک دەوترێت سەر بە چینی سەرمایەداری ئەرستۆکرات بێت. |
| 13 | True blue | شتی ڕەسەن بێت ،سەرمۆر. |
| 14 | Blue sky research or Blue sky science | تویژینەوەیەکە ،کاتێکی دیاریکراوی نەبێت ،لە مومارەسەکردن و ئامانجی دیاریکراوی نەبێت ،توێژینەوەی ئاسمانی شین پەسەندنین |
| 15 | Blue ribbon | شریتی شین (ملوانکەی شین) ،خەڵاتێک دەکرێتە مل لەکاتی سەرکەوتن و شەرەف ،شانازی گەورە. |
| 16 | A blue-eyed boy | کەسێک حەزی بە بەدەستهێنانی دەسەڵات بێت ،هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەموو شتێک. |
| 17 | Blue law | یاسایەکی توند ،ئاگاداربوون بە فرۆشتنی شەراب لە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| | | ڕۆژی یەکشەمە. |
| 18 | Blue-pencil | بەکارهێنانی قەڵەمی دار چونکە سیفەتی بە چاککردن و سڕینەوەی هەیە. |
| 19 | Blue print | پلانی سەرەتای کارەکان بۆ بەرچاوڕوونی داهاتوو. |
| 20 | Do something until you are blue in the face- blue in the face. | سوربوون لەسەر کردنی کارێک ،بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبیت ،شین و مۆر هەڵگەڕا ،بەڵام پێی نەکرا. |
| 21 | Blue collar worker. | کەسێک کارەکەی پەیوەست بێت بە کاری دەستی ،کرێکاری خاوەن لێهاتوویی کارامەیی ،جلی شین لەبەردەکەن. |
| 22 | Blue stocking. | ژنی ڕۆشنبیر ،زیرەک ،پەروەردەکراو. |
| 23 | Once in a blue moon. | ڕاستییەکی ڕوونەداو ،دەگمەن. |

1.یەکیک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئیدیۆمی ڕەنگی شین ،ئەوەیە دەرخەری ئەو مانایە کە پەیوەندیدارە بە خەمباری ،نمونەی ئیدیۆمی دەربڕی خەمباری و وەسفکردنی ئەو بارە بریتین لە ئیدیۆمەکانی (6,5,4,3,2,1)دا دەربڕی حاڵەتی غەمباری و شین و ڕۆڕۆ کردن و هەست بە دڵتەنگی کردن دەردەبڕێت ،ئیدیۆمی (1) واتاکەی لە کەسایەتی کارتۆنی چیرۆکێکی واقیعی سەرچاوەی گرتووە ،دەورەکەی بەرجەستە دەکات لە بەرازێکی شەڕانگێز ئەویش لە دەوری پۆلیسێک خۆدەبینێتەوە ،حاڵەتێکی نائومێدییە ،دەستەواژەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 19 لە بەریتانیا و ئەمریکا سەریهەڵداوە ،لە ئەمریکا دەوترا خەمۆکی شین بەڵام لە بەریتانیا دەوترا دڵەڕاوکێی شین ،یەکێ زۆر لە دڵەڕاوکێ بێت تا حاڵەتی خەمۆکی.

2. ڕەنگی شین لە ئیدیۆمەکانی (8,7)دا جەخت لەسەر هەڵسوکەوتی نەرێنی مرۆڤ دەکاتەوە کە شێوازی قسەکردنی بەجۆرێک نەخوازراو بێت بۆ گوێگرتن کە ئەو هەستەش دەربڕی حاڵەتی نەبوونی هەستە ،بەبەرزی و بەردەوام قسەکردن و سکاڵا کردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3.ڕەنگی شین تێکهەڵکێشراوە لەگەڵ دەستەواژەی ئالۆزی لە ئیدیۆمەکانی زمانی ئینگلیزی ،ئاڵۆزی و نادیاری بوونی هەیە لەو ئیدیۆمانە جێیان کراوەتەوە بە هەڵبژاردنی شتێک وەک لە ئیدیۆمی (9) یان نەزانراوی شوێنێکی کەم لە ئیدیۆمی (10)دا.

4.لە ئیدیۆمی (11)دا دیاردەیەک بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕوبدات پاش ماوەیەکی زۆر.

5.ڕەنگی شین مانای شکۆمەندی دەدات لە ئیدیۆمی (12)دا بەکەسێک دەوترێت کە سەر بە چینی دەسەڵات ،یا خێزانی سەرمایەداری ئەرستوکراتێک بێت و هۆگری بۆیان هەبێت و کە ئەڵێن خوێنم شینە وە ئیدیۆمی (13) دەرخەری ڕەسەنی شتێ کە لە بنچینەکەوە یان لە(شکۆمەندی) وەرگیرابێت.

6.لە ئیدیۆمی (14) دا دەرخەری هەوڵدان بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی یان لایەنێک وەک لێکۆڵینەوەی زانستی، کات و ئامانجی دیاریکراوی نەبێت یا دۆزینەوەی زانستی چاوەڕواننەکراو، کە بەرنامەی کار بگۆڕێت، بە توێژینەوەی ئاسمانی شین ناسراون، پەسەندنین، لەبەر هۆکاری سیاسی و بازرگانی لەپشتەوەیەتی یان هەندێک جار لەپرۆژەی خەیاڵی زانستی دەکرێت وەک کاریگەری تەکنۆلۆجیا لەسەر داهاتووی کۆمەڵگا. لە ئیدیۆمی (15)دا باس لە شکۆمەندی و شانازی دەکات ،لەسەردەمی مەلیک ئەدوارد 1350 لە بەریتانیا نازناوی سوارچاکی بوو ،بۆ جارێکی تر لەسەدەی 19دا لەشێوەی ملوانکەی شین (شریتی شین) بۆ ناوبژیوانی یاری تۆپی پێی ئافرەتان بۆ کاتی سەرکەوتن و شانازی گەورە دەکرا مل. لە ئیدیۆمی (16)دا کەسێک حەز بە بەدەستهێنانی دەسەڵات و سەرکەوتن و شەرەفمەندی بکات ،واتا هەموو شتێکی بۆ ببێت.

7.لە ئیدیۆمی (17)دا یاسای توندوتۆڵ دەخاتە ڕوو بەوەی قەدەغەیە فرۆشتنی شەراب لە ڕۆژی یەکشەم ئەمەش لە کۆمەڵێ تابلۆی هەڵواسراوی سەر دیوارەکان بوو لەسەدەی (13)دا لە ئینگلتەرا بۆ هۆکاری ئاینی دەگەڕایەوە. لە ئیدیۆمی (18)دا گرنگی بەکارهێنانی قەڵەمی دار لە نوسینەکاندا کە سیفەتی سڕینەوە و ڕەشکردنەوەی هەیە واتا چاکردنەوەی ئەو هەڵانەی لە ژیاندا دەکرێت، دەتوانرێت ڕەشیان بکەینەوە دوبارە دەستپێبکەینەوە. لە ئیدیۆمی (19)دا باس لە پلانی دروستکردنی (دیزاین) کردنی نەخشەی خانوو (کەشتیەک) لەسەر لاپەڕەیەکی شین (هێڵکاری ئەندازەیی) واتا دانانی پلانی سەرەتا بۆ کارەکان بۆ بەرچاو ڕوونی لە داهاتوودا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8.ئیدیۆمی (20) سووربوو لەسەر ئەنجامدانی کاری قورس تیا سەرکەوتوو نەبێت وەک لە کوردی دەوترێت (شین و مۆر بۆتەوە ،کارەکەی پێ تەواو نەکرا). و ئیدیۆمی (21) دەرخەری کاری کەسێکە ،لێهاتوویی و کارامەیی کرێکاری کاری دەستی دەخاتە ڕوو جلی شین دەپۆشن.

9.لە ئیدیۆمی (22) دا پەیوەندە بە ژنێکی ڕۆشنبیری زیرەکی پەروەردە کراو ،چیرۆکەکەی لەناوەڕاستی سەدەی 18 لە ئینگلتەرا ،کۆمەڵێک لە خانمان بڕیاریاندا بە گۆڕینەوەی یاری کارت (وەرەقە) ی ئێواران لە ئاهەنگێکی گفتوگۆ، تێیدا پیاوان و ئەدیبان و ناودارانیان بانگهێشت دەکرد بۆ گفتوگۆ لەسەر بابەتی ئەدەبی و فکری ،خانمەکان گۆرەوی شینیان لەپێ دەکرد. ئیدیۆمی (23) دەرخەری ئەو بیرەیە کە دەربڕی کاتێکە بە ڕوداوێکە بەدەگمەن ڕوودات یا دوبارە نەبونەوە.

بەڕەچاوکردنی هەموو نمونەکانی ئیدیۆمەکان ڕەنگی شین لە پێکهاتەکەی دەتوانرێت بڵێین لە کولتووری ئاخاوتنی زمانی ئینگلیزیدا شین پەیوەند دەبێت بە غەمباری و شێوازی ئاخاوتنی خراپ ،لەلایەکی تر ڕەنگی شین وا دەبینرێت وەک ئاماژەیەک بۆ شکۆمەندی و شانازی. شین پەیوەند کراوە بەکاری قورس و بەئەنجام نەگەیشتوو لەگەڵ باری نەخوازراو و ڕوداوی دەگمەن.

## 5.2. بەراوردی ڕەنگی سوور لە ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا:

### 1.5.2 : لێکچوونی ڕەنگی سوور لەپێکهاتەی ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزییدا

1. ڕەنگی سوور پەیوەستە بە یەکداکەوتنی پێچەوانەیی و پەرچەکردار دەست سووربوون یان دەم سووربوون کێشمەکێش لای گیاندارەکان و مرۆڤەکانەوە بە مەبەستی ئازاردان و دەستکەوتنی خۆراک لە کوردیدا ئیدیۆمی (دەستی بەخوێن سوورە) یا (بەخوێن سوورکردن) هەمان مانا لە ئیدیۆمی ئینگلیزی (red in tooth and claw) دەبینرێت.
2. (نیشانەی سوور)، (کارتی سوور)، (هێمای سوور) بۆ باری مەترسی و ئاگادارکردنەوە و سڵکردنەوە، لەم شوێنانەدا دادەنرێت کە مەترسی هەیە لەسەر ژیان لە ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (red Flag) بەهەمان مانا دەبینرێت.
3. (شەوی سوور) هەڵسوکەوتی خراپی پەیوەندی بە کاری لەشفرۆشی و بازرگانی پێکردنی بەشێوەیەکی ناڕەوا، بۆ دڵخۆشی کردنی چینێکی دیاریکراو لە بەرپرس و ساماندار ئیدیۆمی (red light district) لە زمانی ئینگلیزیدا بەهەمان واتا دەبینرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. (ڕەنگ سووربوون) یا (چاوی خوێنی لێ دەبارێت)، (چاوی سوور بووە) لەم ئیدیۆمانەدا ڕەنگی سوور دەربڕی هەستە حاڵەتێکی تووڕەییە، وەک تووڕەبوونی لەناکاو بەهۆی پەنگ خواردنەوەی لەناخدا و تەقینەوەی لەناکاوی ئەم تووڕەییە یا پیشاندانی پەرۆیەکی سوور بە گایەک. کاتێک زۆر پەست و تورە دەکرێت لە ئینگلیزیشدا ئیدیۆمەکانی (See red) و (Like a red rag to a bull) بەهەمان مانا دەبینرێت لەئەنجامی ئەم تووڕەبوونە ئەو کاردانەوەیە ڕوودەدات.
5. (سوور هەڵگەڕا)، ئەم ئیدیۆمە دەربڕی هەستی شەرمەزاری و خەجاڵەتییە هەستکردن بە شەرم کردن لە باسێکی نەخوازراودا، یاوێنەکردنی کەسی تووڕەیە، لەم بارەدا دەم و چاو سوور دەبێتەوە هەست بە شەرم یا شەرمەزاری دەکرێت، لە ئینگلیزیدا بۆهەمان مانا ئەم ئیدیۆمانە دەبینرێت (red as a beet root،red as a beet ،red faced ).
6. هێماکردن و ڕەنگکردن بە ڕەنگی سوور لە ڕۆژمێرەکان بەهۆی هەبوونی بۆنەیەک یا یادکردنەوەیەکی ئاینی یا مێژووی، بۆ ئەم بارە هیچ ئیدیۆمێ لە کوردیدا نابینرێت بەڵام وەک ڕەنگی سوور هێماکردن لە ڕۆژمێردا دەبینرێت ،بەڵام لە ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (a red latter day) بۆ هەمان مانا دەبینرێت.
7. (هێڵی سوورە) بە مانای ئەوپەڕی سنووردانان و ئاگادارکردنەوە بۆ دەربڕین و ڕوونکردنەوەی یاساکان و دەستوور بەکاردێت، کە نابێت ئەم هێڵە ببەزێنرێت وەک بێڕێزی کردن بەرامبەر گەورەکان بەتایبەت دایک و باوک و داب و نەریت و ئاینەکان، لە ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (red tape) بۆ ئەم مانایە هاتووە.
8. کەسێکی بەهرەمەند یان ورزینەر بەپەرۆش، ورزادن کە بارێکی ئەرێنی و نەرێنی دەدات بە مەبەستی خراپەکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە ڕۆژنامە سەرنج ڕاکێشەکان یان کاری پڕوپاگەندەی بازرگانی کە ببێتە هۆی فرۆشتنی کاڵایەکی زۆری بێ کوالێتی ئەوە لایەنی نەرێنییەکانی ورژاندن نیشاندەدات بە نموونە لە کوردیدا دەوترێت (سووری پۆشیوە) بۆ گەنج و دڵخۆشی و گەشبینی و هەستی ورژاندنی بەهێزی هەیە بۆ لایەنی ئەرێنی و نەرێنی، لە ئینگلیزیدا دەوترێت (red hot) ئەم ئیدیۆمە بۆ مانای سەرەوە بەکاردێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. پێدانی کارتی سوور بە یاریزانی یاری بەهۆی سەرپێچیکردن، لە یاساکانی یارییەکە بێ بەشکردن و قەدەغەکردنی لێی بەپێدانی (کارتی سوور) لە کوردیدا بەکاردێت ، بۆ هەمان مانا لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Shown the red card) دەبینرێت.
10. ڕاخستنی فەرشی سوور ئەتەکێتی بەخێرهاتن و پێشوازی سەرۆک و بەرپرسان و کەسانی ناوداری وڵاتان یەکێکە لە کلتوورەکانی ئەوروپی، کوردیش ئەم کلتورەی بێگانەی وەرگرتووە لەکاتی پێشوازی فەرشی سوور بۆ میوانەکانیان کە دێن بۆ وڵاتەکەیان ڕادەخەن ئیدیۆمان نییە بۆ ئەم بابەتە بەڵام ڕێوڕەسمەکە بە ڕەنگی سوور جێبەجێ دەکرێت، کەچی لە ئینگلیزی ئیدیۆمی (red carpet treatment) بۆ ئەم مانایە دەبینرێت.

### 2.5.2 :جیاوازی ڕەنگی سوور لە ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا.

1. گرتنی کەسێک لەکاتی تاوان (هەڵەکردن) بەتایبەت دزی کردن. ئیدیۆمێک لە کوردیدا بەهەمان مانا نابینرێت. بەڵام لە ئینگلیزییدا ئیدیۆمی (caught red handed) بۆ ئەم مانایە بەکاردێت.
2. ڕەنگی سوور دەکرێت بە دیارترین نموونە دابنرێت کە ئاماژە بە دیاردەی تەواو جیاوازی دەکات لە هەردوو زمانەکەدا بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم ئیدیۆمانە ڕەنگی سوور لە پێکهاتەیاندا هەیە مانای هەڕەشەکردن دەگەیەنێت، هەرچەندە هیچ باڵانسێک نییە لە نێوان ئەو دوو میللەتە بەجۆرێک زۆربەی ئیدیۆمەکانی زمانی ئینگلیزی ڕەنگی سوور بۆ لایەنی نەرێنی بەکاردێت و دەستنیشانی لایەنی مەترسی دەکەن وەک لە ئیدیۆمەکانی ( better ،reds under the bed dead than red)، بمری باشترە نەوەک لەگەڵ سوور بژی. بەهۆی ئەو کاردانەوە سیاسیانەی کە شیوعییەکان لەسەر کۆمەڵگای خۆیانیان نەبوو هەڕەشە و مەترسین لەسەر ڕۆژئاوا ئەمەش بە مەترسییەکی گەورە هەژمار دەکرا. لە ئیدیۆمی (red under the bed) واتە مەترسی سوورەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو زیانانەی لەلایەن هاوسۆزانی شیوعییەکانەوە لەکۆمەڵگای ئەوکاتەی ئەمریکا هەیانبوو لە ساڵانی 1947-1957 ئەم ترسەش نالۆجیکی بوو، پێیانوابوو لەژێر شوێنی نوستنی هەرماڵێک سیخوڕێکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەبوو. (Pascal 2018 (Treguer, .بەڵام لە کوردیدا خاوەنی ڕەنگێک نین بەتایبەت سوور نیشانبدات کە ڕەنگی سوور /کۆمۆنیست هەرەشە بێت،بەڵکو ڕەنگی سوور دروشمی حزبی شیوعییە. ئەم ڕەنگە بەنیشاندانی

کوالێتی بەرز یاجوانی دەبینرێت، بەهۆی هۆگربوونی رۆشنبیرانی کورد بۆ رەوتی کۆمۆنیستی و هاوسۆزییان بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران (روسیا)، وەک گۆرانی شاعیر دەڵێت: رەنگی سوورم بۆیە خۆشدەوێ. مژدەی شەفەقی لێ دەردەکەوێ. لەناو کوردا حەزیان بەوەکردووە کە بە کەمی بژین تەنیا بە مەردی بژین وەک پێشینان وتویانە (کەم بژی، کەل بژی)، وە بۆ باری هەر مەترسییەکی کۆمەڵایەتی ئەم ئیدیۆمەی هەیە بۆ مەترسی کەسێک/ ئاژاوەیەک/ بابەتێکی کۆمەڵایەتی وتوویەتی (ئاگرە سوورە لەخۆمان بەدوورە). لێرەدا بە مانای سیاسیەکە ناگرێتەوە وەک لە ئینگلیزیەکەدا هاتووە.

3. ئیدیۆمەکانی ( a red cent،in the red ،out of the red) دەرخەری ئاستەنگەکانی رووبەرووی تاک دەبێتەوە لە ژیان و مەترسیە ئابورییەکان، کەم نرخی ئاستی ئابووری و قەرزاری دەردەخەن، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئیدیۆمەکانی (پوولی رەش، فلسی سووتاو) کە بەرەنگی رەش باس لەم بابەتانە کراوە.
4. نیشانەی ترسناکی و مەستبوون و ئاڵودەبوون بە کحول و مادەی بێهۆشکەر لە زمانی کوردیدا ئیدیۆمێک بۆ ئەم ناونیشانە نابینرێت بەڵام لە ئینگلیزیدا ئیدیۆمەکانی ( red ego، paint the town red) بۆ ئەم مانایە هەن.
5. باسکردن لە بۆنەیەک یا رووداوێکی مێژوویی، یادەوەرییەک هێماکردنی بەهۆی رەنگی سوورەوە وەک هەبوونی ئاگاداری بۆ ئەم رۆژە لە زمانی ئینگلیزی ئیدیۆمی (a red latter day) بۆ هەمان مانا بەکاردێت کە لە کۆندا مەسیحیەکانی رۆژهەڵات لە 1549 یەکەم کتێبی رێورەسمە پیرۆزەکانیان نوسیوە، ئەم کتێبە رۆژمێرێکی تیابووە بۆنە ئایینە پیرۆزەکانیان بە مەرەکەبی سوور رەنگ دەکرد وەک Christmas Day-25 December لە کوردیدا ئێمە لە رۆژمێرەکاندا ناوی جەژن و بۆنە ئایینی و مێژوویەکان بە رەنگی سوور رەنگ دەکرێت، بەڵام هیچ ئیدیۆمێک لەم بارەیەوە نابینرێت.
6. پێدانی زانیاری بۆ بەلارێدابردن بۆ ئەم واتایە ئیدیۆمی (red herring) هەیە،بەڵام لە زمانی کوردیدا هیچ ئیدیۆمێک بۆ ئەم مانایە نابینرێت.
7. لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ ئیدیۆم هەیە بۆ دەربڕینی هەستی خۆشی و گەشبینی و جوانی و خۆشەویستی کە رەنگی سوور لە پێکهاتەیاندا هەیە ، کۆمەڵە ئیدیۆمی کە واتای (1) بۆ مەراسیمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووک گواستنەوە و خەنەبەندان. (2) جوانی و ڕازاندنەوە و خۆشی و گەنجی و سەربەرزی و پاکی. (3) ئازایی و دلێری و جوامێری و جەربەزەیی. بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تاکە ئیدیۆم هەیە کە مانای گەشبینی و لایەنی ئەرێنی بدات وەک ئیدیۆمی (red hot).

8. ڕێژەی ئیدیۆمەکانی کوردی کە ڕەنگی سوور لە پێکهاتەیاندا هەیە زۆر زیاترە لە ئیدیۆمی سووری ئینگلیزیدا. ئیدیۆمەکانی کوردی کە ڕەنگی سوور لە پێکهاتەیاندا هەیە بەشێکی زۆری مانای لایەنی ئەرێنی دەدەن.
9. لە ئیدیۆمی کوردیدا ڕەنگی سوور ڕێژەیەکی زۆری هەیە کە مانای قوربانیدان و خەباتی نەبڕاوە و سڵکردنەوە لە مردن و ئازادی و دلێری و جەربەزەیی ئەم میللەتە لەناو ئەم ئیدیۆمانە ڕەنگی داوەتەوە کە ڕەنگی سوور لە پێکهاتەیاندا هەیە ،بەڵام بۆ ئەم مانایە لە زمانی ئینگلیزیدا نابینرێت.

## 6.2. بەراوردی ڕەنگی زەرد لە ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا:

### 1.6.2. لێکچوونی ڕەنگی زەرد لە پێکهاتەی ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا

1. ڕەنگی زەرد لەڕووی دەروونییەوە بەبێ هێزترین ڕەنگ دادەنرێت کە پەیوەندی بە ترس و ترسان و گێلی و هەڵسوکەوتی گێلانەوە هەیە لە ئیدیۆمەکانی (زمانی زەردویەتی، کفنی زەرد کرد، پەڕۆ زەردکردن، ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان) ڕەنگیداوەتەوە لەزمانی ئینگلیزیدا ( have a yellow streak to be yellow , have a yellow belly) بەهەمان مانا دێت.
2. ئامادەبوون بۆ ڕۆیشتن یا بە ئاگاداری برۆ بەتایبەت لە ترافیک، لەزمانی کوردی وەک هێمای زەرد هەمانە، بەڵام وەکو ئیدیۆم نیمانە، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆم بۆ هەمان مانا هەیە وەک (Yellow light )
3. خۆتەڕکردن (میزکردن، پیسایی کردن) لەشوێنی نائاسایی بەهۆی نەخۆشی، ترس یا بارێکی لەناکاو ئیدیۆمی (پەڕۆ زەردکردن) بەم مانایە دێت ،لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (yellow-code) بۆ ئەم مانایە هاتووە.
4. ڕۆنی بەکارهاتوو لە خواردنە خێراکاندا لە تۆپە گریس دەچێت دەلکێ بەسەر دیوارەوە لە کوردیدا دەوترێت دەڵێی (گریسی زەردە) لەزمانی ئینگلیزیشدا دەوترێت ( Yellow grease)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. کێکی زەردی ئیسفەنجی کە هێلکەی تێدەکرێت جیایە لە کێکی قاوەیی شوکلاتەیی لە زمانی کوردی دەوترێت (کێکی زەرد) بەهەمان مانا لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Yellow cake) دەبینرێت.
6. تروسکایەک بۆ بینین یا رێگایەک بۆ سەرکەوتن و یا گەیشتن بە ئامانجەکانت لە زمانی کوردیدا ئیدیۆمی (زەدەکردن) ئەم مانایە دەدات، لەزمانی ئینگلیزیشدا (Yellow brick road) بۆ ئەم مانایە.
7. ڕەنگی زەرد لە ئیدیۆمەکانی کوردی و ئینگلیزیدا زیاتر بۆ لایەنی نەرێنی بەکاردێن.

### 2.6.2. جیاوازی ڕەنگی زەرد لە ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا

1. ڕەنگ زەردکردن لە هەواڵی ڕۆژێنەری (Yellow press) ڕۆژنامەوانی و نوسەری هەواڵی ڕۆژێنەر، لەزمانی کوردی هیچ ئیدیۆمێک بۆ ئەم بابەتە نییە، بەڵام ڕەنگ کردن لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە یا مانشێتی هەواڵ زیاتر لە ڕۆژنامە حیزبییەکاندا دەردەکەوێت بەتایبەت ڕەنگ زەردکردن لە ڕۆژنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی ئیدیۆمەکان (Yellow journalist - Yellow journalism) ئەم مانایە دەدەن.
2. بەفری زەرد بەهۆی میزپێداکردنەوە ڕەنگی زەرد بووە یا کاری بێ واتا، لە زمانی کوردیدا شتێکی وا نابینرێت بەم مانایە بۆ بەفر ئیدیۆمی (بەفرە شینە) مان هەیە کە نەخۆشییەکە توشی پەنجەکان دەبێت بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Don't eat yellow snow) بۆ ئەم مانایە هاتووە.
3. لەزمانی کوردی ناوێک یا نازناوێک بۆ مادەی هۆشبەر، یا فایبەری توێکڵی مۆزی وشککراو کە بروا وایە کاریگەرە بۆ بێهۆشی، ئیدیۆمێک نابینرێت ،بەڵام لە ئینگلیزیدا ئیدیۆمی ( Mellow yellow) هەیە.
4. لە ئیدیۆمی کوردیدا ڕەنگی زەرد کات دیاری دەکات وەک (زەردپەڕ و جۆزەردان، زەردبوون) بەڵام لە ئینگلیزیدا ئەمە نابینرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. نەخۆشی و لاوازی و شەرمەزاری لە زمانی کوردیدا بەهۆی ڕەنگی زەرد لە ئیدیۆمدا دەردەبڕێن وەک (زەعفەرانی زەرد، زەرد هەڵگەڕا، دڵێ زەردچەوەیە،زەردبوون ،ڕووزەرد) بەڵام لە ئیدیۆمی زمانی ئینگلیزیدا ئەمە نابینرێت.
6. ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەنگی زەرد لە ئیدیۆمی کوردی زیاترە لە ئینگلیزی.

## 7.2.بەراوردی ڕەنگی شین لە ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا:

**1.7.2**. لێکچوونی ڕەنگی شین لە پێکهاتەکەی ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا

1. باری دەروونی، پاڵەپەستۆی دەروونی، حاڵەتی بێ ئومێدی، دڵەڕاوکێی زۆر تا ڕادەی خەمۆکی لە زمانی کوردیدا لە ئیدیۆمەکانی (خمشیوان، شین گورێدان) دەبینرێت ،لە زمانی ئینگلیزیدا لە ئیدیۆمەکانی (Fell blue - Have the blues - blue funk) بەهەمان مانا دێت.
2. هاوار و فیغان و سکاڵا کردن بەدەنگی بەرز لەزمانی کوردیدا لە ئیدیۆمەکانی (شین و شەپۆر، شین گێڕ، شین و شیوەن، شین نامە) دەبینرێت، و لەزمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمەکانی ( Scream blue (murder - sing the blue بۆ هەمان مانا هاتووە.
3. لەزمانی کوردیدا درێژدادڕی و زۆر بلێیی یان ماندووبوون لەئەنجامی گوتنی ئامۆژگاریی زۆر و گوێڕایەڵی نەکردنی لە ئیدیۆمەکانی (شینی حەسەن و حوسێنە هەر نەبڕایەوە، دەم زەرد بوون) ڕەنگی داوەتەوە لەزمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Talk a blue streak).
4. لەزمانی کوردیدا ناوچەیەکی نەزانراو و نەبینراو لە ئیدیۆمی (لەنێوان ئاسمان و ڕێسمان) شوێنێکی نەزانراو هەیە، لە ئینگلیزیشدا دەوترێت (The wide blue yonder) بەم مانایە دێت.
5. شریتی شین (ملوانکەی پەت شین) خەڵاتێکە دەکرێتە مل لەکاتی سەرکەوتن و شەرەف و شانازی گەورە لەناو کوردیش وەک هێمای سەرکەوتن ئەو ملوانکەیە لەمل دەکرێت، هەرچەندە لە بێگانەوە وەرگیراوە، لە ئیدیۆمی ئینگلیزی (Blue ribbon) بەم مانایە دێت.
6. لە زمانی کوردیدا هەرکەسێک حەز/هەوڵی/ یا داوای بەدەستهێنانی شت، دەسەڵات بکات ئەوا ئیدیۆمی (چاو شین و پرچ زەرد نیت / یا چاوت شین نییە) لەزمانی ئینگلیزیشدا بۆ ئەم مانایە ئیدیۆمی (A blue - eyed boy) هەیە.

7. بەکارهێنانی پێنوسی دار کە سیفەتی چاککردن و سڕینەوەی هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ڕەنگی شین نییە، ڕەنگی خۆڵەمێشی (رصاص) ە تەنیا لە سیفەتدا یەکن کە سڕینەوەیە بە ئاسانی، ئیدیۆمێکیش بۆ ئەم مانایە نییە بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Blue pencil) دەبینرێت.
8. هەوڵدان و سووربوون لەسەر کارێکی قورس و سەخت بەڵام لە ئەنجامدا تیایدا سەرکەوتوو نەبیت لە ئیدیۆمی (شین و مۆر/ڕەش و شین هەڵگەڕا) لە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەم مانایە ئیدیۆمی (Blue in the face - something until you are blue in the face) هەیە.
9. پۆشینی ڕەنگی شین لەلایەن کرێکارانی کاری دەستی لە کارگەکان لەزمانی کوردیدا وەک ڕەنگ هەیە بەڵام ئیدیۆممان نییە، لەزمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Blue caller worker) دەبینرێت بۆ ئەم مانایە.
10. ڕوودانی ڕوداوی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو لەزمانی کوردیدا بە ئیدیۆمی (کۆشکەی شین) دەردەبڕێت بەمانای ئەبڵەق/سەرسام دێت لەزمانی ئینگلیزیدا بۆ هەمان مانا ئیدیۆمی ( Out of the blue)هەیە.
11. لەزمانی کوردیدا لەئەنجامی ماندووبوونی زۆر، پاڵەپەستۆی زۆرەوە سەرەتای هەفتە (شەممە ڕۆژی کارکردنی زۆرە دوای پشووی هەینی، ئیدیۆمی (ئارەقەی شین و ڕەشی کرد، ئارەقەی شین و مۆری کرد) بۆ بەکاردێت، لە زمانی ئینگلیزیدا ڕۆژی دووشەممە سەرەتای هەفتە و کارکردنی زۆرە بۆیە دەوترێت (Blue Monday).
12. هۆگربوون و سەرسامبوون بۆ چینێکی دیاریکراو یا دەسەڵات یا خێزانێکی سەرمایەدار، حزبێک لەزمانی کوردیدا (شینە دەمار) بۆ ئەم مانایە دێت، لە زمانی ئینگلیزیشدا بۆئەم مانایە ئیدیۆمی (Blue blood) هۆگربوون بۆ چینی دەسەڵات و چینی ئۆرستۆکراتییێک بەکاردێت.
13. لەهەردوو زماندا ڕەنگی شین پەیوەست کراوە بە ڕەسەنی و خانەدانی لە جیهاندا ڕەنگێکی زۆر باوە.

**2.7.2.** جیاوازی ڕەنگی شین لە ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزیدا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. ناچارکردن بە هەڵبژاردنی نێوان دوو باری نەویستراو لە کوردیدا ئیدیۆمێک بۆ ئەم مانایە نابینرێت ،بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Between the devil and the deep blue sea) بە ئەم مانایە دێت.
2. شتی ڕەسەن و دەرخەری ڕەسەنی و شکۆمەندی، دەستکاری نەکران و بەکارنەهاتوو لە کوردیدا ئیدیۆمی (سەر مۆر) ی بۆ بەکاردێت، بەڵام لە ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (true blue) بۆ ئەم مانایە دێت.
3. توێژینەوەیەک، کات و ئامانجی دیاریکراوی نەبێت، توێژینەوەی ئاسمانی شین لە کوردیدا ئیدیۆمێک بۆ ئەم مانایە نییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمەکانی ( Blue sky science /blue sky research) بۆ ئەم مانایە دێن.
4. یاسای توند و ئاگاداربوون بەفرۆشتنی شەراب لە ڕۆژی یەکشەممە، لە کوردیدا ئیدیۆمێک بۆ ئەم مانایە نییە، لە ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Blue law) ئەم مانایەی تێدا ڕەنگیداوەتەوە.
5. پلانی سەرەتا بۆ کار و بەرچاوڕوونی بۆ داهاتوو لە کوردیدا ئیدیۆمێک بۆ ئەم مانایە نییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەم مانایە ئیدیۆمی (Blue print) دەبینرێت.
6. بۆ مانای ژنی ڕۆشنبیر و زیرەکی، پەروەردەکراو ئیدیۆمێک لە کوردیدا ئەم مانایە بدات نییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆمی (Blue stocking) دەبینرێت.
7. ڕاستیەکی ڕوونەداو، دەگمەن بۆ ئەم واتایانە لە کوردیدا ئیدیۆمێک نابینرێت، بەڵام لە ئینگلیزیدا (once in a blue moon) وەک ئیدیۆم ئەم مانایە دەدات.
8. ڕەنگی شین لە پێکهاتەکەی ئیدیۆمی کوردیدا زیاتر دەرخەری مانای نەرێنییە هێمایە بۆ مەرگ و تازیەباری و ترس و دورخەری چاوپیسی و چاوەزار بەکارهاتووە، لەزمانی ئینگلیزیشدا تەنها بۆ نەرێنی نییە بەڵکو بۆ کاری قورس و شتی چاوەڕواننەکراو و یاسای توند، ڕاستی ڕونەداو و دەگمەن بەکاردێت.
9. ئیدیۆمەکانی ڕەنگی شین لە پێکهاتەکەیاندا هەیە لەزمانی کوردیدا ڕێژەیان زیاترە.

## ئەنجام

1. ئیدیۆمی ڕەنگی سوور لە زمانی کوردیدا بۆ لایەنی ئەرێنی ڕێژەیەکی زۆری هەیە بەتایبەت بۆ بابەتەکانی جوانی و ئارایشت و بوک گواستنەوە و خەنەبەندان و دلێری و ئازایی وگەنجی وخۆشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وخۆشەویستی، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تاکە ئیدیۆم بۆ لایەنی ئەرێنی دەبینرێت مانای گەشبینی دەدات.

2. ڕەنگی سوور لە ئیدیۆمی کوردی بۆ مانای خۆشەویستی و هۆگر بوون بۆ سوور دەرپراوە، بەڵام ڕەنگی سوور لە ئیدیۆمی ئینگلیزیدا بۆ لایەنی مەترسی دەربراوە.
3. مادەی هۆشبەر و شەراب لە ئیدیۆمە ڕەنگییەکانی کوردی نابینرێت، چونکە کلتووری کوردی لە کۆنا دووربوە لە خواردنەوەی بابەتی شەراب بە ڕێژەیەکی بەر بڵاو، بەلام لەئیدیۆمە ڕەنگییەکانی ئینگلیزیدا بە ڕێژەیەکی بڵاو دەبینرێت بەتایبەت ڕەنگی زەردو شین.
4. چاوەزارو دوورخەرەوەی چاوەزار لە کوردیدا بە هۆی ڕەنگی شین لە ئیدیۆم دەرپراوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئیدیۆم نییە بۆ ئەم بابەتە.
5. ڕەنگی سووری خەنە لە زەماوەندو شادی، ڕەنگی شینی شینگێران لە تازیە بارییدا لە زمانی کوردیدا، دوودیاردەی دژبەیەکی دیارن لە ئینگلیزیدا ئەمە نابینرێت ،ڕەنگی شین لە کوردیدا زۆربەی ئیدیۆمەکانی مانای نەرێ دەدەن.
6. ترس وترسان و گێلی و هەڵسوکەوتی گێلانە لەهەردوو زماندا بەڕەنگی زەرد دەرپراوە، ئیدیۆمی ڕەنگی زەرد لە کوردی و ئینگلیزیدا زیاتر مانای نەرێ دەدەن.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: بەزمانی کوردی
1- خاڵ، شێخ محمد (2005)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
2- زەنگەنە مستەفا (2002)، ڕەنگ لەزمانی کوردیدا ،لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی سیمانتیکیە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر.
3- شێخانی عەبدولوەهاب (2003)، فەرهەنگی ڕەنگ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
4- کاکەیی، هەردەوێڵ (2005)، ڕەنگ لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شقان - سلێمانی.
5- هەژار عبدالرحمن شرفکندی، (1381) فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، کردی-فارسی، تهران چاپ اول.
6- مەحوی محەمەد (2009)، زانستی هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، دووەم، زانکۆی سلێمانی.
7- محمد جەمال (2012)، ڕەنگ لە قورئانی پیرۆزدا، گۆڤاری هەیڤ ژمارە (11) سلێمانی.
8-(Https://www.peyserpress.com/2019).

دووەم: بەزمانی عەرەبی
1- عمر أحمد مختار (1982)، اللغة واللون، دار البحوث العلمية، الكويت.
سێیەم: لەزمانی فارسی
1- ادريسيان دكتر غلا محلى (1395)، كرد كردستان درهزارهاى ما قبل تاريغ وعهد باستان، اتشارات سردم.
2- معزى سحر (2021) واكاوى تضاد معنايى رنگ أبى با معناى أن در علم روان شناسى و قرمز در فرهنگ كردى گۆڤاری کۆپنهاون ژمارە سێ و چوار. CDH Magazine.pdf.
چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی
1- A, Langlotz(2006) Idiomatic creativity, Amsterdam: John Benjamins.
2- Alotaibi Wafa Jeza (2020) Colo Idioms in English and Arabic.(https://zenodo.org>record/2020)
3- Collins COBILD Dictionary of Idioms (2nd edition). (2002).United kingdom. Collins cat build. (https://ww.collinsdictianary.com)
4- Marder Lisa(2018) - (https://www.live.about.com)
5- Martin Gary (2015) - (https://phrases.org.uk/idioms/colors.htm/
6- Robinson, M and Meier B. (2005) The metaphorical Representation of Affect in Metaphor and Symbol, 239-257
7- Stunzaite A Lisa (2015) Manifestation of color. Idioms in English Lithuanian and Russian Languages Mathesis.
8- Treguer Pascal (2018) - (https://wordhistories.net/2018.
9- Https://ckb.m.wikipdedia.org/wiki.
10- Https://idioms.thefreedictionary.com
11- Https://wordhistories.net/2018

# The Basic Colors in The Structure of Kurdish and English Idioms

**Galawezh Othman Qadr**
Department of Kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Galawezh.qadr@gmail.com
**Prof. Dr. Rafiq Muhammad shwani**
Department of Kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Galawezh.qadr@gmail.com

**Keywords**: Idioms, color idioms, cross-culture, Red – yellow – blue, Kurdish – English

## Abstract

This study compares the structure of color-related idiomatic expressions in the Kurdish and English languages. It concentrates on the hidden aspects of meanings and lexical similarities and differences that exist in both languages. Because idiom as a syntactical form and a lexical unit is a peculiar structure of any language. Idioms have established meaning that cannot have a literal translation, reflecting the culture of an area; they have multi-meanings with a fixed form. The colors have significant participation in idiom's structures, particularly the basic colors (red, yellow, and blue), which are the items of this study, because color is an absolute visible object. It is one of the essential components of nature. It has its impact on the entire common ideology of any era. Also, color is a science that explains color's relations and the human psychological state. Hence, the rate of color participation in Kurdish and English languages' idioms that covey the same sense or a different one, the present study draws an intertwined picture of Kurdish and English cultures, it shows the human's experiments in two distinct nations.

Colors in Kurdish idioms give substantial meaning to the idioms. Idioms have the connotation of serious terrible, happiness, sadness, pride, humiliation, distress, amenity, oppressor, oppressed, persecution, and persecutor. The color idioms have an expanded meaning, so having at least a color word or an expression that expresses color. It has inexplicit meaning, or it can be used indirectly.

Comparing the basic colors in both languages with different cultures, the color idioms are very rich in having similar examples but with conveying different meanings. This is a gate to English language learners in order to be familiar with hidden and complicated aspects of the language.

The content of the research consists of two parts: the first part; idiom's concept, idiom's characteristics, color, and its history, and the basic colors in the Kurdish language.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الألوان الأساسية في تركيب الامثال الكردية والإنجليزية


## الخلاصة

تم في هذا البحث أجراء المقارنة بين تركيب المثل المتصل باللون في اللغتين الكوردية والانجليزية، وقد سلط الضوء على الجوانب المخفية للاختلاف والتشابه في المعاني المعجمية الموجودة في اللغتين؛ لأن المثل بوصفه شكلاً نحوياً ووحدة معجمية من المكونات الخاصة لكل لغة، يحمل تعبيراً أساسياً لا يمكن ترجمته حرفياً، يمثل إنعكاساً لتراث لمنطقة معينة، وهو متعدد الدلالات ومنغلق وثابت من ناحية الشكل، وللألوان مشاركة ملحوظة في تركيب المثل، وخصوصاً اللأوان الأساسية (الأحمر والأصفر والأزرق)، والتي تمثل مفردات هذا البحث، لأن اللون بطبيعته المرئية المطلقة والصرفة يعد من أهم مكونات الطبيعة، وللون تأثيره في جميع الأيديولوجيات السائدة في كل العصر، واللون علم يفسر علاقة الألوان بالحالة النفسية للأنسان. لذلك فإن مدى مشاركة الألوان في الأمثال في كلا اللغتين يكون بالدلالة نفسها أو بدلالات مختلفة، هذا البحث يصور التداخل التراثي بين الكوردية والانجليزية ويظهر تجارب الأنسان في موطنين مختلفين.

الألوان في اللغة الكردية يعطي معان كبيرة للمثل، منها معاني مليئة بالمعضلات والأفراح والأتراح والعزة والخجل والهموم والظالم والمظلوم والإضطهاد والمضطهِد وكلها مستقاة من الأمثال التي تحتل الأوان فيها رقعة واسعة.إما بوجود كلمة دالة على اللون أو من خلال تعبير يتضمن دلالة اللون في طياته، له معنى غير واضح، أو أنه أُستخدم استخداماً غير مباشر.

أن مقارنة الألوان الرئيسة في لغتين ذات تراثين مختلفين والامثال ذات المحتوى اللوني، هي مقارنة غنية جداً لأنها تشتمل نماذج متشابه وأخرى مختلفة المعنى وتوضح معانيها.

ومحتوى البحث يتكون من فصلين: الفصل الأول؛ يشمل مفهوم المثل، وخصائصه، واللون وتأريخه، والمثل واللون، والألوان الأساسية في اللغة الكوردية.

الفصل الثاني: الألوان الرئيسة في اللغة الإنجليزية، مقارنة الألوان الأساسية في الأمثال الكوردية والإنجليزية، وفي الختام، شمل البحث النتائج التي توصل إليها، مع قائمة بأهم مصادره.